# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٩٠

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٩٠ – گوڵانی – مای ٢٠٢٦


## سەروتار

## قووڵبوونەوەی قەیرانی سەرمایەداریی ئێران لە ئاوێنەی ئامارەکاندا

ڕاپۆرتە نوێیەکانی بانکی جیهانی و ئۆکسفام، وێنەیەکی ڕوون لە قووڵبوونەوەی قەیرانی سەرمایەداریی جیهانی دەخەنە ڕوو؛ قەیرانێک کە لە لایەکەوە سامانی لە دەستی کەمینەیەکی بچووکی سەرمایەداراندا زیاتر چڕ کردووەتەوە، و لە لایەکی تریشەوە هەژاری و ناسەقامگیری و نائەمنیی بژێویی بۆ زۆرینەی خەڵکی جیهان لێ کەوتووەتەوە. ئۆکسفام لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٥ی خۆیدا پیشانی دەدات کە سامانی ملیاردێرەکانی جیهان گەیشتووەتە نزیکەی ١٨.٣ تریلیۆن دۆلار و بە خێراییەکی بێوێنە لە حاڵی زیادبووندایە، لە کاتێکدا کە نزیکەی نیوەی دانیشتووانی جیهان هێشتاش لە هەژاریدا دەژین. ئەم کەلێنە گەورەیە، دەربڕی لۆژیکی نێوخۆیی سەرمایەداریی ئەمپریالیستییە؛ سیستەمێک کە تێیدا کەڵەکەبوونی بێوێنەی سامان لە جەمسەرێکدا، هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی بێبەریبوون و هەژاری لە جەمسەرەکەی تردا بەرەوپێش دەچێت. ئەم ڕەوتە دەکرێت لە چوارچێوەی «کەڵەکەبوونی بەربڵاوی سەرمایە»دا ببینرێت؛ پرۆسەیەک کە تێیدا زێدەبایی (ارزش اضافه) و قازانج سەرلەنوێ دەگۆڕێنەوە بۆ سەرمایە و قەبارەی پرۆسەکان بۆ چڕترکردنەوەی چەوساندنەوەی کرێکاران پەرە دەستێنێت. ڕوون و ئاشکرایە کە بەشێک لە سامانەکەش لە ڕێگەی تایبەتسازیی سەرچاوە گشتییەکان، پاوانخوازییەکان، ڕانت و دەستڕاگەیشتنی نایەکسان بە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسییەوە پێک دێت

ئابووریی سەرمایەداریی ئێرانیش دەبێت هەر لەم زەمینە جیهانییەدا تێبگەین؛ ئابوورییەک کە هاوکات لەژێر گوشاری ناکۆکییەکان و پێکهاتە سیاسی و ئایدۆلۆژییە ئیسلامییەکان و یاسا کارگێڕییە زاڵەکان و بەربەستە پێکهاتەییەکانی سیستەمی جیهانیدایە. نوێترین ڕاپۆرتی بانکی جیهانی سەبارەت بە ئابووریی ئێران لە ئاپریلی ٢٠٢٦دا، وێنەیەکی چڕی ئەم دۆخە دەخاتە ڕوو؛ دۆخێک کە تێیدا سستیی ئابووری (رکود)، هەڵاوسان، دابەزینی توانای کڕین و پەرەسەندنی هەژاری بە شێوەیەکی هاوکات کار دەکەن. یەکەمین دەرکەوتەی قەیرانەکە دەکرێت لە هەڵاوساندا ببینرێت؛ دیاردەیەک کە لە سەرمایەداریی ئیسلامیدا، یەکێکە لە ڕووترین و ئاشکراترین شێوازەکانی گواستنەوەی باری قەیرانەکە بۆ سەر شانی چینی کرێکار. بەپێی ڕاپۆرتی بانکی جیهانی، هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵی ئێران لە فێوریەی ٢٠٢٦دا گەیشتووەتە ٦٢.٢ لەسەد و هەڵاوسانی مادده خۆراکییەکانیش لە سنووری ٩٩ لەسەد



## پێویستی چینایەتیی یەکگرتنی کرێکاری لە دژی بێکاری

## ژنانی کرێکار لە هێڵی پێشەوەی قەیرانی شەڕدان




## بزووتنەوەی نا بۆ سێدارە و هاوپشتی لەگەڵ بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی پەرە پێ بدەین

## ١٢ی گوڵان، وەبیرهێنەرەوەی ئیرادە و خەباتی مامۆستایان لە ئێران



## گەلاڵەی "کاڵا بە قەرز"، سەلمێنەری ڕەهەندە سامناکەکانی هەژاری گشتی

## دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە گێژاوی ململانێی دەسەڵاتدا

## دژەکۆچبەری لەژێر ئاڵای بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤدا

## بێکارکردن لە ژێر سێبەری شەڕدا، لە سەروبەندی یەکی ئایاردا

## ناکۆکییەکانی نێو ڕێبەرایەتی کۆماری ئیسلامی لەسەر فۆرمی سازشکردن لەگەڵ ئەمریکا

نزیک بووەتەوە. بە واتایەکی تر، تێچووی دابینکردنی خۆراک لە ماوەی یەک ساڵدا نزیکەی دوو هێندە زیادی کردووە. ئەم ئامارانە تەنیا پێوەرێکی ئابووری نین؛ بەڵکوو دەربڕی تێکچوونێکی جددیین لە پرۆسەی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاردا، واتە لە توانای چینی کرێکاردا بۆ دابینکردنی کەمترین پێداویستییە ژیانییەکانی خۆی. دابەزینی بەردەوامی بەهای ڕاستەقینەی حەقدەستەکان هاوکات لەگەڵ هەڵکشانی لەڕادەبەدەری خەرجییەکانی ژیان، لە کردەوەدا بە واتای چڕبوونەوەی چەوساندنەوەی هێزی کارە

بەڵام قەیرانی ئێستا تەنیا لە هەڵاوساندا کورت نابێتەوە. ئابووریی ئێران لە سەروبەندی مارسی ٢٠٢٦دا، بەرەوڕووی کەمبوونەوەی ٢.٧ لەسەدیی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بووەتەوە. هاوکات، وەبەرهێنانی جێگیری ناوخۆیی بە ڕێژەی ١١.٩ لەسەد دابەزیوە؛ ئەوەش نیشانەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە سەرمایە، چ لە فۆرمی دەوڵەتی و چ لە فۆرمی تایبەتدا، ئاسۆی قازانجهێنان بە ناسەقامگیر و نائارام هەڵدەسەنگێنێت و لە وەبەرهێنانی بەرهەمهێنەرانە پاشەکشە دەکات. هەر لەم ماوەیەدا، هەناردەکردن ٥.٣ لەسەد و هاوردەکردن ١٤.٨ لەسەد دابەزیوە. کەمبوونەوەی هاوردەکردن، نیشانەی بەرتەسکبوونەوەی دەستڕاگەیشتنە بە کەرەستەی خاو، کاڵا واستەکان و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان؛ ڕەوتێک کە سستیی ئابووری، داخرانی یەکە بەرهەمهێنەرەکان و بێکارسازییەکان چڕتر دەکاتەوە. تێکەڵبوونی هاوکاتی سستیی ئابووری و هەڵاوسانی بەرز ـ ئەوەی کە پێی دەگوترێت «چەقبەستوویی هەڵاوسان» ــ یەکێکە لە وێرانکەرترین فۆرمەکانی قەیرانی سەرمایەداری. لە دۆخێکی وەهادا، نەک تەنیا بەرهەمهێنان کەمدەبێتەوە، بەڵکوو تێچووی ژیانیش بە شێوەیەکی بەردەوام بەرز دەبێتەوە. دەرئەنجامەکەی، قووڵبوونەوەی بۆشایی نێوان هەژاری و سامان و توندبوونەوەی ناکۆکییە چینایەتییەکانە

ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم قەیرانە لە پێوەرەکانی هەژاریدا ئاشکراتر دەبێت. خەمڵاندنی بانکی جیهانی نیشانی دەدات کە ٣٦ لەسەدی دانیشتووانی ئێران لە ساڵانی ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٤دا لەژێر هێڵی هەژاریی ٨.٣٠ دۆلار لە ڕۆژێکدا ــ پێوەری وڵاتانی خاوەن داهاتی مامناوەندی بەرەو ژوور ــ ژیاون و ئەم ڕێژەیە لە ٢٠٢٥ تا ٢٠٢٦ دەگاتە ٣٦.٢ لەسەد. ئەمە بەو واتایە دێت کە نزیکەی ٣٢.٧ ملیۆن کەس لە دۆخی هەژاریی ڕەهادان. تەنانەت ئەم پێوەرەش وێنەیەکی کەمینەیی لە بێبەریبوون دەخاتە ڕوو و ناتوانێت ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی نائەمنیی بژێوی، پەراوێزنشینی و دابەزینی ئاستی ژیان بەتەواوی نیشان بدات

لە بازاڕی کاریشدا نیشانەکانی قەیرانەکە بەڕوونی دەبینرێن. ڕێژەی هەبوونی کار بۆ ئەو دانیشتووانەی لە تەمەنی کارکردندان لە ٣٧.٩ لەسەدەوە بۆ ٣٧.٥ لەسەد دابەزیوە؛ واتە کەمتر لە چوار کەس لە هەر دە کەسێکی لە تەمەنی کارکردندا، خاوەن کارن. ئەم ڕێژەیە بۆ ژنان زۆر لەوەش نزمترە و نزیکەی ١.٢ کەس لە هەر دە کەسدایە. کەلێنێکی قووڵی لەم شێوەیە نەک تەنیا دەربڕی هەڵاواردنی ڕەگەزییە، بەڵکوو پیشانی دەدات کە بەشێکی گەورە لە هێزی کاری شاراوە، لە بنەڕەتدا لە سووڕی بەرهەمهێنانی فەرمی خراوەتە دەر. ئەم دۆخە بریتییە لە پەرەسەندنی لەشکری پاشکەوتی کار؛ ئەو ئاپۆرە لە بێکاران و نیمچەبێکارانەی کە بوونیان دەبێتە ئامرازێکی گوشار بۆ سەر ئاستی کرێیەکان و بارودۆخی کارکردن. قەیرانی دراو و داراییش ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە توندترکردنی ئەم دۆخەدا. کەمبوونەوەی داهاتە



دراوییەکان و سنوورداربوونی دەستڕاگەیشتن بە یەدەگی دراوی، بووەتە هۆی دابەزینی ٤٤ لەسەدی بەهای ڕیاڵ لە سەرەتای مارسی ٢٠٢٦دا. دابەزینی بەهای دراوی ئێران ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا هاوردەکراوەکان و هەڵکشانی هەڵاوسان. هاوکات، کورتهێنانی بودجەی دەوڵەت گەیشتووەتە ٤.٤ لەسەدی بەرهەمی نەتەوەییی ناوخۆیی و قەرزی گشتی تا ٣١.٣ لەسەد بەرز بووەتەوە. ئەم پێوەرانە نیشانی دەدەن کە دەسەڵاتیش لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانەکەدا بەربەستی جددیی لەبەردەمدایە و بۆ دابینکردنی سەرچاوەکان، باری قەیرانەکە دەخاتە سەر شانی کۆمەڵگا؛ چ لە ڕێگەی کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە بێت، چ لە ڕێگەی زیادکردنی باجە ناڕاستەوخۆکانەوە یان لە ڕێگەی چاپکردنی دراو و توندترکردنی هەڵاوسانەوە. دەرئەنجامی ئەم تێکئاڵانە، گواستنەوەی باری سەرەکیی قەیرانەکەیە بۆ سەر شانی چینی کرێکار و توێژە زەحمەتکێشەکان؛ لە کاتێکدا کە بەشگەلێک لە چینە دەسەڵاتدارەکان، لە ڕێگەی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە دراوییەکان، پاوانخوازییەکان و تۆڕەکانی دەسەڵاتەوە، هێشتاش لە کەڵەکەکردنی سامان بەردەوامن. ئەمە هەمان ئەو مۆدێلەیە کە لە ئاستی جیهانیشدا دەبینرێت: چڕبوونەوەی سامان و دەسەڵات لە سەرەوە، و پەرەسەندنی هەژاری و ناسەقامگیری لە خوارەوە. لە دۆخێکی وەهادا، ئەو شیکارییانەی کە قەیرانەکە تەنیا کورت دەکەنەوە بۆ خراپبەڕێوەبردن یان هەڵەکانی داڕشتنی سیاسەتەکان، لە ڕەگ و ڕیشە پێکهاتەییەکانی قەیرانەکە تێناگەن. مەسەلەکە تەنیا شێوازی بەڕێوەبردنی ئابووری نییە، بەڵکوو خودی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنە. تا ئەو کاتەی کە ڕێکخستنی ئابووری لەسەر بنەمای لۆژیکی قازانج و کەڵەکەبوونی سەرمایە بمێنێتەوە، سووڕی قەیران، نایەکسانی و هەژاریش سەرلەنوێ بەرهەم دەهێنرێتەوە. هەر لەبەر ئەمەش، مەسەلەکە تەنیا گەڕانەوە بۆ «هاوسەنگی» لە سیستەمی سەرمایەداریی ژێر دەسەڵاتێکی نائایینی و سێکولاردا نییە؛ هاوسەنگییەک کە خۆی لە هەموو شوێنێک لەسەر بنەمای هەڵاواردن و نایەکسانی و بێبەریبوون بونیاد نراوە. ئەوەی کە دەبێتە زەروورەت، سیستەمێکە کە تێیدا بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی کۆمەڵگا ڕێک بخرێت، نەک لەپێناو قازانجی کەمینەی سەرمایەداران. وەدیهاتنی ئاسۆیەکی لەم چەشنە، بەبێ خۆڕێکخستنی سەربەخۆ و هۆشیارانەی چینی کرێکار لەنێو جەرگەی خەباتدا مەحاڵ دەبێت. قەیرانی ئێستا، شانبەشانی ئەو ڕەنج و نائەمنییە بەربڵاوەی کە سەپاندوویەتی، زەمینە بابەتییەکانی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان و پێکهاتنی ڕێکخراوبوونێکی لەم شێوەیەشی ڕەخساندووە. بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران، لە جەرگەی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران لە دوو دەیەی ڕابردوودا، نەوەیەک لە ڕێبەران و هەڵسووراوانی لێهاتوو و بەئەزموونی لەناو ڕیزەکانی خۆیدا پەروەردە کردووە کە پۆتانسیەلی خۆڕێکخستنی خەباتە کرێکارییەکانیان لەژێر شمشێری سەرکوتدا سەلماندووە. بزووتنەوەی کرێکاری بە ڕۆڵگێڕانی ئەم ڕێبەرانە، لەم قۆناغەی ئێستا تێپەڕ دەبێت

داتا و ئامارەکانی بانکی جیهانی و ئۆکسفام، ئەگەر قووڵتر لە داتا ئامارییەکان بخوێندرێنەوە، تەنیا هۆشدارییەک نین سەبارەت بە قەیرانێکی ئابووری؛ بەڵکوو ئەوانە نیشانەکانی داڕمانی سیستەمێکی جیهانین کە تێیدا سەروەت و سامانی بێوێنە لە پاڵ هەژاریی بەربڵاودا، بەشێکە لە میکانیزمی کەڵەکەبوونی سەرمایە. لە بەرامبەر سیستەمێکی وەهادا، پرسیاری سەرەکی ئیتر زەرووەرەتی گۆڕانکاری نییە، بەڵکوو چۆنیەتیی وەدیهاتنی ئەو گۆڕانکارییە و ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەیە کە هەڵگری ئەم وەرچەرخانەن

❋❋❋

**بو بینینی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی -کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە بکەن:**

alternative-shorai.tv

**بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**

# پێویستی چینایەتیی یەکگرتنی کرێکاری لە دژی بێکاری




ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە لێکەوتەکانی شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەک و کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە لەسەر دۆخی کار، ژیان و بژێویی کرێکاران لە ئێران، باس لە پەرەسەندنی بێپێشینەی ڕەهەندەکانی بێکاری و هەژاری گشتی دەکەن. تەشەنەسەندنی بێکاری و بەردەوامبوونی پرۆسەی بێکارکردنەکان نیشانی دەدات کە چۆن شەڕ قورسترین گورزی لە چینێک وەشاندووە کە هیچ ڕۆڵێکی لە بڕیاردان بۆ هەڵگیرسان یان کۆتاییپێهێنانی ئەو شەڕەدا نییە، بەڵام باجەکەی بە گیانی خۆی، بە وێرانبوونی کار و بژێوی و داهاتووی خۆی و منداڵەکانی دەدات. بەپێی ئەم ڕاپۆرتانە، بۆردومانی کۆمەڵگەی بەرهەمهێنانی پۆڵا بووەتە هۆی ئەوەی پیشەسازییەکانی ئۆتۆمبێلسازی، پارچەسازی، کەلوپەلی ناوماڵ یان پرۆژە ئاوەدانییەکان کە گرێدراوی پەڕە پۆڵایینەکانی ئەم ناوەندەن، بەرەوڕووی کەمی کەرەستەی خاو و دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان ببنەوە. ئەم پچڕانە زنجیرەییە کە لە ناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی دیکە گواستراوەتەوە، ڕاستەوخۆ ئاسایشی کاری کرێکارانی خستووەتە مەترسییەوە. بەپێی ڕاپۆرتی چالاکانی کرێکاری، ئەم بۆردومانانە تەنیا لە پیشەسازییەکانی پترۆکیمیایی ماهشەهر و عەسەلوویە، بوونەتە هۆی بێکاربوونی زیاتر لە ٣٠ هەزار کرێکار. لە لایەکی دیکەوە بەهۆی بڕینی ئینتەرنێت لەلایەن ڕژێمی ئیسلامییەوە، لە سەردەمێکدا کە ئینتەرنێت وەک یەکێک لە ژێرخانە ئابوورییەکان هەژمار دەکرێت، کارکردی کەرتە جیاوازەکانی ئابووری کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەوە و چەندین کاروکەسابەت لەناو چوون. بەپێی ڕاپۆرتی دامەزراوە حکوومەتییەکان، ئەم دۆخە وای کردووە کە لە سەرەتای ئەم شەڕە چل ڕۆژەیەوە تا ئێستا کە هێشتا هیچ ئاسۆیەک بۆ کۆتاییهاتنی یەکجاریی شەڕەکە لە ئارادا نییە، زیاتر لە چوار ملیۆن کەس کار و پیشەی خۆیان لەدەست بدەن. کارەساتی بێکاری لە کاتێکدا ئەم ڕەهەندە سامناکانەی بەخۆیەوە گرتووە کە بەپێی دانپێدانانی جێگری وەزیری کاری ڕژێم، زیاتر لە ٨٦ ملیۆن کەس لە خەڵکی ئێران شایستەی وەرگرتنی کالابەرگن کە زیاتر لە ٩٠ لەسەدیان پشکی یارانەکەی خۆیان بەکار هێناوە

بێکاری لە ئێران واتە پاڵنانی بنەماڵە کرێکارییەکان بۆ ژیان لە ژێر هێڵی هەژاریی ڕەها و سەپاندنی مەرگێکی شێنەیی بەسەریاندا؛ قەیرانێک کە گرفتە دەروونییەکان، خەمۆکی، بێمتمانەیی بەخۆ، هەستی بێشوناسی و لەخۆنامۆیی، لە ئاکامە دەستبەجێ و ڕاستەوخۆکانیەتی. ئەم تراژیدیا خەمناکە لێرەدا کۆتایی نایەت؛ هەڵوەشانەوەی بنەماڵە کرێکارییەکان، پەنابردن بۆ مادده هۆشبەرەکان و لەشفرۆشی لە ڕووی ناچارییەوە، بگرە هەندێک جار فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستە و خۆکوژی و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، درێژەی لۆژیکی ئەم ڕەوتەن و قوربانییەکانیشی لە نێو ژنان و پیاوان، گەنجان، مێرمندالان و منداڵانی بنەماڵە کرێکارییەکان و چەوساوەکانی کۆمەڵگەوە دەگرێت. نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە لە ئێراندا، زیاتر لە ٧٠ لەسەدی کرێکاران بە گرێبەستی کاتی کار، گرێبەستی سپیواژۆ، یان لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری هێزی مرۆیی و بەڵێندەرییەوە پێ دەنێنە بازاڕی کارەوە. ئەمە بەو واتایەیە کە ئەم بەشە بەرفراوانەی کرێکاران تەنانەت مافی وەرگرتنی ئەو دەرماڵە کەم و کورتەی قۆناغی بێکاریشیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نییە. بۆیە هەر لە یەکەم ڕۆژی بێکارییەوە، ئابووری و داهاتی بنەماڵە بۆ قووڵاییەکانی هەژاری دادەبەزێت و نەهامەتییەکان دەست پێ دەکەن

بێکاری یەکێکە لە نەهامەتییە زادەکانی سیستەمی سەرمایەداری. بوونی ئەرتەشی پاشکەوتی بێکاران هەمیشە نیعمەتێکی پڕ پیت و بەرەکەت بووە بۆ خاوەنانی پیشەسازی و سەرمایەداران. ئەم قەیرانە لە قۆناغە قەیراناوییەکەی ئێستادا ڕەهەندێکی بێوێنەی بەخۆوە گرتووە و بووەتە کارەساتێکی کۆمەڵایەتی. حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران هۆکاری سەرەکی توندتربوونەوەی ئەم نەهامەتییە گەورەیەیە. لە وەها بارودۆخێکدا، خەبات لە دژی دیاردەی وێرانکەری بێکاری و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی، بووەتە یەکێک لە پێداویستییەکان و لە هەمان کاتیشدا یەکێک لە گیروگرفتەکانی بەردەم چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە کۆمەڵگەی ئێراندا. خەباتی یەکگرتووانە لە دژی بێکاری لە کاتێکدا بووەتە زەرووەتێکی چینایەتی کە سەرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە پێداگری لەسەر سیاسەتە شەڕانگێزییەکانیان، نەک هەر هیچ ستراتیژی و ئاسۆییێکیان بۆ ڕەخساندنی هەلی کار نییە، بەڵکوو بەلەبەرچاوگرتنی وێرانبوونی بەشێک لە ژێرخانەکان و قەیرانی وزە و کەمئاوی، خۆیان پەرەپێدەری پرۆسەی بێکارکردنی کرێکاران و تەشەنەسەندنی بێپێشینەی دیاردەی بێکارین. بەردەوامبوونی داخرانی ڕۆژانەی ژمارەیەکی زۆر لە کارگە و ناوەندە بەرهەمهێنەرە قەیرانتێکەوتووەکان و دەرکردنی بەکۆمەڵی کرێکاران بە بیانووی مایەپووچبوونەوە، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. پێدانی بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری بە پشتبەستن بە پرۆژە ئابوورییەکانی سپای پاسدارانی گەندەڵ یان کەرتی تایبەت، یان کەمکردنەوەی بێکاری لە ڕێگەی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا و هەڵگرتنی سزاکان و ئازادکردنی پارە بلۆککراوەکان لەلایەن زلهێزە ڕۆژئاواییەکانەوە، بەڵێنیگەلێکی پووچ و بێبنەمان. ئامانج لەم بەڵێنانە، هێشتنەوەی کرێکارانە لە دۆخی چاوەڕوانیدا و ڕێگریکردنە لە وەڕێکەوتنی بزووتنەوەی نارەزایەتیی کرێکارانی بێکار

کار و ئاسایشی کار، یان بیمەی بێکاری تەواو و کۆتاییپێهێنان بە گرێبەستە کاتی و سپیواژۆکان، خواست و مافی بێئەملاوئەولای سەرجەم ژنان و پیاوانی کرێکاری شاغڵ و بێکار و ئەو گەنجانەیە کە خوازیاری کارن. بەڵام ئەم مافە تەنیا بە خەباتێکی ڕێکخراو و، بێگومان تەنیا بە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری لە دژی بێکاری، وەدی دێت. بزووتنەوەیەک کە هێزە شاراوە و ئامادەکەی بوونی هەیە. بزووتنەوەیەک کە دەتوانێت نەک هەر لەشکری ملیۆنیی کرێکارانی بێکار، بەڵکوو ملیۆنان کرێکاری شاغڵ و بنەماڵە کرێکارییەکانیش لەخۆ بگرێت کە دێوەزمەی بێکاری، ئاسایشی کاری لێ زەوت کردوون. بزووتنەوەیەک کە بەهۆی بەردەوامی قەیرانی ئابووری و تەشەنەسەندنی پرۆسەی بێکارکردنەکان و هەروەها خواستە هاوبەشەکانەوە، دەتوانێت زۆر خێرا گشتگیر و بەهێز ببێت و حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بخاتە ژێر گوشارەوە

بەڵام بەرەوپێشبردنی ئەم خەباتانە و بەرزکردنەوەیان بۆ ئاستی بزووتنەوەیەکی جەماوەری، پێویستی بە هاوپشتی چالاکان، تۆڕەکان و مەحفەلە هۆشیارەکانی نێو بزووتنەوەی کرێکاری ئێران هەیە. لەشکری بەرینی بێکاران و هۆشیاری سەبارەت بە مەترسی ئەو خەسارە بەئازارە کۆمەڵایەتییانەی لە بۆسەدان بۆ بێکاران و بنەماڵەکانیان، توانای بەرزی بۆ نارەزایەتی پێکهێناوە، بەتایبەتی لە نێو گەنجان و چینی بەرفراوانی بێکارانی خوێندەواردا کە دەبینن سەرجەم ئاواتەکانیان بە با چوون. لە هەمان کاتدا، پێکهاتنی هۆشیارانە و هەنگاو بە هەنگاوی ئەم نارەزایەتییانە دەتوانێت زەمینەخۆشکەر بێت بۆ پێکهێنانی شوورای کرێکارانی بێکار و ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی کرێکاران

❊❊❊

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# سەد و نۆزدەیەمین هەفتەی کەمپەینی «سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە» لە ٥٦ زینداندا

## بزووتنەوەی نا بۆ سێدارە و هاوپشتی لەگەڵ بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی پەرە پێ بدەین

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەروا بەردەوام دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی و تاوانەکانی خۆی لەژێر پاساوی "پاراستنی ئاسایشی گشتی لە بەرامبەر دزەکردنی دوژمنانی دەرەکی"، و لەسێدارەدانی زیندانییان و تاوانبارانی ئاسایی لەژێر پەردەی "پێشگرتن لە تاوان و دابینکردنی مافی هاووڵاتییان"دا ئەنجام دەدات. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەزموونی سەرجەم وڵاتانی جیهان سەلماندوویەتی کە بوونی ئەم سزایە نەک هەر پێشگر نەبووە، بەڵکوو بە پەرەپێدانی ڕۆحی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگە و پێشێلکردنی حورمەتی مرۆڤەکان، تاوان و جەنایەتی زیاتر کردووە. ڕوون و ئاشکرایە ئەو سیستەمەی کە ئامرازی بەرگرییەکەی جەلاد بێت، هیچ بەهایەک بۆ کەرامەتی مرۆڤ دانانێت و لەناوبردنی فیزیکیی نەیارانی سیاسیش وەک شتێکی ئاسایی و بەناوی پاراستنی کەرامەت و ماف و ئاسایشی هاووڵاتییان دەخاتە ڕوو

زیندان، ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی نەیارانی سیاسی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی حکوومەتی ئیسلامییەوە تا ئێستا، یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی ئەم ڕژێمە جەنایەتکارە بووە. بەڵام ئەمڕۆ لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی دەستەویەخەی قەیرانی شەڕ و قەیرانی مەرگە، زیندان و ئەشکەنجە و سێدارە بووەتە ڕەمزی مانەوەی ئەم ڕژێمە. تەنانەت کاتێکیش تاوانبارانی ئاسایی لەسێدارە دەدات، ئامانجی تۆقاندنی کۆمەڵگا و چاوترسێنکردنی نەیارانی سیاسییە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو دڕندەیی و وەحشیگەرییەی ڕژێم لە خۆی نیشان دەدات، ئەوەی ئاشکرایە و حاشای لێ ناکرێت ئەم ڕاستییەیە کە شەپۆلی سێدارە و سەرکوت نەیتوانیوە کۆمەڵگە چاوترسێن بکات و، خەبات دژی سزای سێدارە و بۆ ئازادی زیندانییانی سیاسی بەردەوامە. ژنان و پیاوانی زیندانی سیاسی، ئەم مرۆڤە ئازا و ئازادیخوازانە، بە ڕێکخستنی کەمپەینی «سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە» لەپشت میلەکانی زیندانەوە، دەمێکە ئاڵای خەبات دژی سزای سێدارەیان شەکاندووەتەوە

کەمپەینی «سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە» کە لە ٥٦ زیندانی ئێراندا بەردەوامە، لە سەد و نۆزدەیەمین هەفتەی مانگرتن لە خواردندا، لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە بە ڕێکەوتی سێشەممە ١٥ی گوڵانی ١٤٠٥، جارێکی دیکە بانگەوازی ئاراستەی سەرجەم ویژدانە وەخەبەرەکان، نەیارانی سێدارە، دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە کە بۆ ڕزگارکردنی گیانی زیندانییانی سیاسی و ناسیاسی لە ئێران، هەنگاوی خێرا و کاریگەر هەڵبگرن. لە دەقی ئەم بەیاننامەیەدا هاتووە

«دیکتاتۆریی دەسەڵاتدار بەسەر ئێراندا، لە هەفتەی ڕابردوودا 'ساسان ئازادوار'، زیندانیی سیاسیی تەمەن ٢١ ساڵ و پاڵەوانی کاراتێ، لەگەڵ سێ زیندانیی دیکەی ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٤٠٤ی لە مەشهەد بە ناوەکانی 'مەهدی ڕەسووڵی'، 'محەممەدڕەزا میری'، 'ئیبراهیم دەوڵەتئابادی'، وە لە ورمێش 'میحراب عەبدوڵڵازادە' لە زیندانییانی ڕاپەڕینی ١٤٠١ی، بەوپەڕی دڕندەییەوە لەسێدارە دا. هەروەها دوو زیندانیی کوردیشی بە ناوەکانی 'ناسر بەکرزادە' و 'یەعقووب کەریمپوور' لەژێر بیانووی سیخوڕیدا بە پەتی سێدارەدا هەڵواسی. لەسێدارەدانی زیندانییان تەنیا لە زیندانییانی سیاسیدا کورت نابێتەوە و لە هەفتەی ڕابردوودا، لەسێدارەدانی زیندانییان بە تۆمەتی دیکەش ڕووی لە زیادبوون کردووە. زۆرێک لە زیندانییان و دەستبەسەرکراوانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییە، هێشتا لە مەترسیی لەسێدارەداندان. بەتایبەتی زیندانییانێک وەکوو عیرفان ئەمێری، مەتین محەممەدی، ئیحسان حوسێنیپوور حەسارلوو، مەریەم هوداوەندمیری، محەممەد عەباسی، سەعید زارعی کوردشولی، حەمیدڕەزا فەتحی، عەبدولڕەزا فەتحی، حەمیدڕەزا سابیتڕەئی و محەممەدڕەزا تەبەری کە ئەم دواییانە سزای سێدارەیان بەسەردا سەپاوە. دەزگای دادوەریی ڕژێمی ویلایەتی فەقیه لە هەنگاوێکی دیکەدا، داواکاریی پێداچوونەوەی دۆسیەی 'پەیمان فەرەحئاوەر'، زیندانیی سیاسیی بەندکراو لە زیندانی لاکانی ڕەشتی ڕەت کردووەتەوە و گیانی ئەم زیندانییە لە مەترسییەکی جیددیدایە.»

لە بەشێکی دیکەی ئەم بەیاننامەیەدا، ئاماژە کراوە بە «خۆڕاگرییەکان لە بەرامبەر حوکمە سەدەی ناوەڕاستییەکانی سێدارە و بێبەشکردن لە چاوپێکەوتن و پەیوەندیگرتنی ژمارەیەک لە چالاکانی کەمپەینی 'سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە' لە بەندی ژنانی زیندانی ئێڤین، کە سێشەممەی ڕابردوو لە کاتی هەواگۆڕکێی بەندەکەدا دروشمی 'نا بۆ سێدارە' و 'مەرگ بۆ دیکتاتۆر'یان بەرز کردبووەوە» و جەخت لەوە کراوەتەوە کە «زیندان و سێدارە ناتوانێت ببێتە کۆسپ لەبەردەم ڕاپەڕین و ئاخێزی جەماوەر دژبە دەسەڵات»

لە هەلومەرجی ئێستادا کە ئاگربەستێکی لەرزۆک بەبێ دیاریکردنی خشتەیەکی کاتی لە نێوان دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا لە ئارادایە و ئاسۆی ڕوون بۆ کۆتاییهاتنی یەکجاریی شەڕ بەدی ناکرێت، توندبوونەوەی سەرکوت و لەسێدارەدانەکانی ئەم دواییە دەبێت لە پەیوەند لەگەڵ مەترسیی داڕمانی ئابووری، پەرەسەندنی نارەزایەتیی کۆمەڵایەتی، قووڵبوونەوەی قەیرانی ڕەوایەتیی سیاسی، کەلێن و فرەباڵی لەناوخۆی دەسەڵات، و بێتوانایی ئایدیۆلۆژیک لە ڕەوایەتیدان بە دۆخی هەنووکەیی لێک بدرێتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، توندترکردنی سەرکوت هەم وەک ستراتیژیی مانەوە و هەم وەک تاکتیک، بووەتە یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان. ئەم لەسێدارەدانە بەرنامەبۆدارێژراوانە، زیاتر لەوەی نیشانەی هێز و توانای ڕژێم بن، دەربڕی لوتکەی قەیرانی ڕەوایەتیی ڕژێمی ئیسلامی و بێتوانایی لە وەڵامدانەوە بە داواکارییەکانی کۆمەڵگەن. ئێستاکە و لە کاتێکدا زیندانییان لەگەڵ نەبوونی جێگە، خۆراک و کەرەستەی ژیان و تەندروستیدا بەرەوڕوون، هێشتا هەزاران کەس لە دەستبەسەرکراوانی ڕاپەڕینی سەرتاسەریی بەفرانباری ١٤٠٤ لە زیندانەکاندان. ڕژێمی جەنایەتکاری ئیسلامی بۆ چاوترسێنکردنی کۆمەڵگە، ئەم زیندانییانەی وەک بارمتە گرتووە، داسی مەرگی لەسەر سەریان هەڵواسیوە و هەموو هەفتەیەک ژمارەیەکیان لێ لەسێدارە دەدات

لە دۆخی ئێستادا، پەرەپێدانی بزووتنەوەی هاودڵی و هاوپشتی لەگەڵ بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی لە ناوخۆی ئێران و، پشتیوانی لە «کەمپەینی نا بۆ سێدارە» کە ئاڵاکەی لەپشت میلەکانی زیندانەوە شەکاوەتەوە، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە زەروورەتی پەیدا کردووە. لە دەرەوەی وڵاتیش پێویستە سەرجەم هێزەکان و مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان، دەست لەناو دەست و بە ڕێکخستن و وەڕێخستنی هەڵمەتی سیاسی، ڕژێمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بۆ کۆتاییهێنان بە سێدارەکان و ئازادکردنی زیندانییانی سیاسی بخەنە ژێر گوشارەوە

❊❊❊



# دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە گێژاوی ململانێی دەسەڵاتدا

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٦ مانگ بەسەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراق و ململانێ و کێشمەکێشی نێوان پارت و ڕەوتە شیعەکانی نێو "چوارچێوەی هەماهەنگی"، ڕۆژی ٧ی گوڵان گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنەی کە "عەلی زەیدی" وەک کاندیدی خۆیان بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق، بە "نزار ئامێدی" سەرکۆماری عێراق بناسێنن، تاوەکوو ئەویش ئەرکی پێکهێنانی کابینەکەی پێ بسپێرێت. عەلی زەیدی ئەرکدار کراوە کە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا کابینەکەی بۆ وەرگرتنی متمانە بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بناسێنێت. بەپێی دەستووری عێراق کە پەیڕەوی لە سیستەمی حکومەتی پەرلەمانی "موحاسەسە" یان دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان گرووپە ئایینی و نەتەوەییەکان دەکات، پۆستی سەرۆکوەزیران پشکی گرووپە شیعەکانە و بەر گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی ئەوان دەکەوێت. سەرەڕای ئەوەش، پۆستی سەرکۆمار بە کوردەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بە عەرەبە سوننەکانی عێراق دەدرێت

لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا، کەسانێک لەوانە نووری مالیکی و محەممەد شیاع سوودانی، خۆیان بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران کاندید کردبوو. بەڵام کاندیدبوونی نووری مالیکی، سەرەڕای ئەوەی لە مانگی ژانوییەدا لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە پەسەند کرابوو، بەهۆی گرێدراوەیی زۆری بە کۆماری ئیسلامییەوە، ڕووبەڕووی دژایەتی ئەمریکا بووەوە. پاش ئەوە و سەرەڕای پێداگری زۆری مالیکی بۆ مانەوەی وەک کاندیدی سەرۆکوەزیران، ڕەوتەکانی دیکەی نێو چوارچێوەی هەماهەنگی بە لەبەرچاوگرتنی هەڕەشەکانی ئەمریکا، دژی بەردەوامبوونی کاندیداتۆرییەکەی وەستانەوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە مالیکی لە دوای دژایەتییەکەی ترامپ، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئیدیعای ئەوەی کردبوو کە: "گەلی عێراق هەر جۆرە دەستێوەردانێکی ئەمریکا لە کاروباری ناوخۆیی خۆیاندا بە توندی ڕەت دەکەنەوە". تێکشکانی نووری مالیکی لەم بوارەدا، لە ڕاستیدا شکستێکی دیکەیە بۆ کۆماری ئیسلامی و دەریدەخات کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە عێراقیشدا نفووز و پێگەی پێشووی لەدەست داوە. سەردانە نهێنییەکەی سەرپاسدار قائانی، فەرماندەی سوپای قودس بۆ بەغدا بە مەبەستی هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزی و ناکۆکی نێوان گرووپە گرێدراوەکانی کۆماری ئیسلامیش نەیتوانی هیچ کاریگەرییەکی هەبێت و هیچی پێ نەکرا وبە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە


عەلی زەیدی کە بازرگان و سەرمایەدارێکی گەورەیە، خوێندنی لە بواری بانکی و شارەزایی یاسایی و کاروباری دارایی تەواو کردووە. ناوبراو بەرپرسی کۆمپانیای نیشتمانیی هۆڵدینگە کە چەندین کۆمپانیا لەخۆ دەگرێت. هەروەها چەند ساڵێکیش وەک سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەریی بانکی تایبەتی "باشووری ئیسلامی" کاری کردووە. بەڵام هیچ پۆست و پلەیەکی حکومی نەبووە و تا ئێستاش لە نێو ناوەندە سیاسییەکانی عێراقدا وەک کەسایەتییەکی سیاسی دەرنەکەوتووە. سەرەڕای ئەمانە، عەلی زەیدی وەک کەسێکی "بێلایەن" لە پۆلێنبەندیی سیاسی تا ئێستادا، جێگەی پشتگیری و ڕەزامەندی ئەمریکاش بوو و ترامپیش دەستبەجێ بۆ دیدارێک بانگهێشتی ئەمریکای کرد. پرۆسەی هەڵبژاردنی عەلی زەیدی، کە دەرهاویشتەی ناکۆکییەکانی نێو گرووپەکانی چوارچێوەی هەماهەنگییە، سەرەڕای پیرۆزباییە ڕواڵەتییەکانیان بۆ زەیدی، بووەتە هۆی نیگەرانی و ناڕەزایەتی سەرکردەی ئەم گرووپانە لەوانە مالیکی و شیاع سوودانی و ژمارەیەکی دیکە. هەر بەم هۆیەوە ئەگەری دژایەتی و کارشکێنییان لە پراکتیکدا و تەنانەت لە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەکەشدا زۆرە. سەرچاوە ئاگادارە عێراقییەکان بە لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لەسەر بەرژەوەندییەکانیان، لێکترازان و تەنانەت هەڵوەشانەوەی ئەو هاوپەیمانێتییەش بە دوور نازانن

بە سەرنجدان بە بارودۆخی شێواو و نالەباری عێراق و بوونی پارتە سیاسی-ئایینییەکان کە خاوەنی هێزی میلیشیای چەکدارن و بە ئاستی جیاواز گرێدراوی کۆماری ئیسلامین، ئەم گرووپانە لە حکومەتەکانی ڕابردووشدا دەستیان لە تیرۆر و کۆمەڵکوژی نەیارانی سیاسی و بەتایبەت چالاکانی چەپ و سۆسیالیستدا هەبووە. ئەم گرووپانە ئیمکاناتی دارایی و چەک وتەقەمەنی زۆر لە حکومەتی عێراق وەردەگرن؛ میلیشیا چەکدارەکانیان وەک بەشێک لە مافیای دەسەڵات لە عێراقدا هۆکارێکی گرنگن بۆ قووڵبوونەوەی قەیرانی سیاسی و ئابووری عێراق و ئامادەش نین دەستبەرداری بەرژەوەندییە گەورە و گرووپییەکانی خۆیان بن. پشتیوانی پارت و گرووپەکانی نێو چوارچێوەی هەماهەنگی لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە ئامادە نین لە نێو دامەزراوەکانی حکومەتدا تێکەڵ بن، ناسەقامگیری و نائەمنی لە عێراق و ناوچەکەدا پەرە پێداوە و ئەمەش ئەو ناتەباییەیە کە پارت و گرووپەکانی نێو چوارچێوەی هەماهەنگی لەگەڵ خۆیاندا هەڵیانگرتووە. لە دوای دیاریکردنی عەلی زەیدی وەک سەرۆکوەزیرانی عێراق، ناکۆکی نێوان ئەم پارتانە لەسەر دابەشکردنی پۆستە حکومییەکان زیاتر لە جاران پەرەی سەندووە

بۆیە عەلی زەیدی سەرەڕای کێشە ئاڵۆزە ناوخۆییەکان لە سەرانسەری عێراقدا، لە گۆڕەپانی دەرەکیشدا لەگەڵ کێشەکانی ڕێکخستنی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان و دروستکردنی باڵانس و هاوسەنگی لە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی نێوان ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ئەورووپی و کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی عەرەبیدا بەرەوڕوو دەبێتەوە. عەلی زەیدی لە هەلومەرجی هەنووکەییدا ڕووبەڕووی دۆسیەگەلێکی ئاڵۆز بووەتەوە، لەوانە داواکاری و گوشارەکانی ئەمریکا بۆ چەککردنی گرووپە شیعەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و قەیرانی سەختی ئابووری. چونکە لە ڕەوتی ململانێ و شەڕی نێوان دەوڵەتی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، گرووپەکانی حەشدی شەعبی لە ڕێگەی هێرشی مووشەکی و درۆنی بۆ سەر ئیسرائیل، وڵاتانی کەنداو و بنکەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، لە پێناو بەرگریکردن لە کۆماری ئیسلامی هەوڵیان داوە عێراق بکەنە یەکێک لە گۆڕەپانەکانی شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل

لە نێوان ئەم شەڕە دەسەڵاتەی پارت و گرووپە سیاسییەکان لە سەرانسەری عێراقدا، چینی کرێکار و توێژە هەژار و زەحمەتکێشەکان سەرەڕای ئەو داهاتە زەبەلاحەی لە فرۆشتنی نەوتەوە دەست دەکەوێت، لە دۆخێکی پڕ لە نەهامەتی و کارەساتباردا دەژین. لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، لە کاتێکدا کەمینەیەکی بچووک بە قۆستنەوەی ئیمتیازاتە حکومییەکان بوونەتە خاوەنی سەروەت و سامانێکی خەیاڵی، بەڵام کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش بەدەست بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و بژێوییەکانەوە دەناڵێنن. ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی ساڵی ٢٠١٩ لە عێراق کە بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ناوزەد کرا، بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوە چینایەتییەکانی کرێکارانەوە، لەلایەن هەر ئەم پارتانە و دەوڵەتەکەیانەوە خەڵتانی خوێن کرا و دامرکێندرانەوە. بۆ ڕزگاربوون لە مافیای دەسەڵات لە عێراق و ئەو بارودۆخە کارەساتبارەی کە پارتە بۆرژوا ئیسلامی، لیبراڵ و ناسیۆنالیستەکان بۆ خەڵکیان خوڵقاندووە، کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نییە جگە لە هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی و دروستکردنی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی خۆیان، و هەروەها پێکهێنانی ڕێبەرایەتییەک بە ئاسۆیەکی ڕوونی سۆسیالیستییەوە بۆ ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پارتانە و چینی دەسەڵاتدار

❊❊❊



# ژنانی کرێکار لە هێڵی پێشەوەی قەیرانی شەڕدان



ئەو هەلومەرجەی کە شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی بەسەر چینی کرێکار و زۆرینەی خەڵکی ئێران و ناوچەکەیدا سەپاندووە، تەنیا ساتێک نییە بۆ گێڕانەوەی مەینەتییەکانی چینی کرێکار، بەڵکوو خاڵێکە بۆ تیشکخستنە سەر ئەو میکانیزمە مادییانەی کە ئەم مەینەتییانە بەرهەم دەهێنن و دووبارە بەرهەمی دەهێننەوە. لە هەلومەرجی هەنووکەییی ئێراندا، ئەوەی زیاتر لە جاران زەق دەبێتەوە، گرێدراوییەکی ئۆرگانیکە لە نێوان شەڕی کۆنەپەرستانە، سەرکوتی سیاسی و چڕبوونەوەی چەوساندنەوەدا؛ گرێدراوییەک کە قورساییە سەرەکییەکەی کەوتووەتە سەر شانی کرێکاران و، لەنێویشیاندا بەتایبەتی ژنانی کرێکار. هەژاری و ناسەقامگیریی ژیانی کرێکاران، بنەما پێویستەکانن بۆ بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان. ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا لە ئێران ڕووی داوە، چڕبوونەوەی هەمان لۆژیکی گواستنەوەی سیستماتیکی تێچووەکانی قەیران بووە بۆ خوارەوەترین توێژەکانی کۆمەڵگا. لەم نێوەندەدا، ژنانی کرێکار نەک تەنیا وەک هێزی کاری هەرزانتر، بەڵکوو وەک سووژەیەک کە باری "بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی"یشیان لەکۆڵ ناوە، لە پێگەیەکی دوولایەنەی چەوساندنەوەدان

ئابووری شەڕ، بە واتای خستنەگەڕی سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ مانەوە و درێژەکێشانی پێکهاتەی دەسەڵات. ئەم پرۆسەیە لەگەڵ کەمکردنەوەی تێچووی هێزی کار، سڕینەوەی پاڵپشتییە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەسەندنی شێوازە نارەسمییەکانی کارکردن هاوتەریب دەبێتەوە. پچڕانی بەردەوام و درێژخایەنی ئینتەرنێت وەک بەشێک لە ژێرخانە ئابوورییەکان، لە ڕواڵەتدا وەک پرسێکی ئەمنی نیشان دەدرێت، بەڵام لە واقیعدا بووەتە هۆی وێرانکردنی بەشێک لەو ئابووری و بژێوییەی کە پێیەوە گرێ دراوە. بەشێکی بەرچاو لە کارەکانی ئەم بوارە، پشتی بە کاری ژنان بەستووە؛ لە کاری نێوماڵەوە بگرە تا چالاکییەکان لەسەر پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان. لەناوبردنی ئەم فەزایە، نەک تەنیا بە واتای پێشێلکردنی یەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی خەڵکە بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، بەڵکوو بە واتای لەدەستدانی سەرچاوەی داهات و سڕینەوەی یەکێک لەو دەگمەن گۆڕەپانانەیە کە سەربەخۆییەکی ڕێژەیی ئابووری بە ژنان دەبەخشێت. ئەم ڕەوتە نیشانی دەدات کە چۆن ئامرازەکانی کۆنترۆڵی دەوڵەت، ڕاستەوخۆ دەکەونە خزمەت بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانییە چینایەتی و ڕەگەزییەکانەوە

لەگەڵ ئەوەشدا، ئامارە فەرمییەکان تەنیا بەشێکی بچووک لە حەقیقەتەکە نیشان دەدەن. بەشێکی هەرە زۆری ژنانی کرێکار، لە بنەڕەتدا لە سیستەمی ئاماریدا بە ڕەسمی ناناسرێن، چونکە لە چوارچێوەی گرێبەستی نارەسمی، کاری نێوماڵ، یان کاری کاتی و وەرزیدا کار دەکەن. ئەم فەرامۆشکردنە پێکهاتەییە، بۆ خۆی یەکێکە لە ئامرازەکانی چڕکردنەوەی چەوساندنەوە. ئەو کارەی لە ڕوانگەی دەوڵەت و چینی دەسەڵاتدارەوە بە ڕەسمی نەناسراوە، بە واتای کاری بێماف و بێحەقدەستە. لەم جۆرە هەلومەرجەدا، دەرکردن (لە کار) ئیتر ڕووداوێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو دۆخێکی هەمیشەییە. ئەو کرێکارانەی کە هەرگیز گرێبەستی فەرمییان نەبووە، لە بنەڕەتدا «دەرناکرێن»؛ بەڵکوو تەنیا لە سووڕی کار دەسڕرێنەوە، بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکیان لە ئامارەکاندا بمێنێتەوە. ئەم دۆخە، ژنان دەخاتە بەردەم جۆرێک لە نائەمنی هەمیشەیی کە دەرفەتی هەرچەشنە بەرنامەداڕشتنێک بۆ ژیان لەناودەبات

سەرمایەداری نەک هەر پشتی بە چەوساندنەوەی هێزی کار لە شوێنی بەرهەمهێناندا بەستووە، بەڵکوو گرێدراوی بەرهەمهێنانەوەی ڕۆژانەی ئەم هێزەشە؛ پرۆسەیەک کە زۆرجار لە پانتایی خێزان و لەسەر شانی ژنان ئەنجام دەدرێت. لە دۆخێکدا کە ژمارەی ئەو ژنانەی سەرپەرشتیاری خێزانن لە زیادبووندایە، ئەم دوو پانتاییە - واتە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوە - زیاتر لە جاران ئاوێتەی یەکتر دەبن. ژنانی سەرپەرشتیاری خێزان، لە کردەوەدا هاوکات ڕۆڵی نانئاوەر، چاودێر و بەڕێوەبەری ژیانی خێزانی دەگێڕن. لە هەلومەرجی شەڕ و قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووریدا، ئەم قورساییە چەند هێندە دەبێتەوە؛ بەرزبوونەوەی تێچووەکانی ژیان، تێکچوونی پرۆسەی پەروەردە، گوشارە دەروونییەکان و نادڵنیایی بەرامبەر بە داهاتوو. ئەم دۆخە، نموونەیەکی چڕکراوەی ئەو هەلومەرجەیە کە تێکڕای چینی کرێکار بەرەوڕوویەتی

تێگەیشتن لە دۆخی ژنانی کرێکار بە بێ لەبەرچاوگرتنی تێکهەڵکێشرانی ستەمی چینایەتی و ڕەگەزی مەحاڵە. ژنان نەک تەنیا حەقدەستێکی کەمتر وەردەگرن، بەڵکوو زیاتر لەو کارانەدا چڕ بوونەتەوە کە ناسەقامگیرن، بێبیمەن و هیچ پاڵپشتییەکی یاساییان نییە. ئەم چڕبوونەوەیەش بەڕێکەوت نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی دابەشکردنی ڕەگەزیی کارە لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا. لەو کەرتانەی وەک کشتوکاڵی وەرزی، پیشەسازییە دەستییەکان، یان کارگە بچووکەکاندا، ژنان وەک هێزێکی کاری کاتی و کەمتێچوو بەکار دەهێنرێن. ئەم کارە کاتییە، لە واقیعدا ناوێکی دیکەیە بۆ بێمافی، نەبوونی گرێبەست، نەبوونی بیمە و نەبوونی هەرچەشنە زەمانەتێک بۆ داهاتوو. بەم جۆرە، ژنانی کرێکار دەکەونە پێگەیەکەوە کە چەوساندنەوەی ئابووری و ژێردەستەیی کۆمەڵایەتی، یەکتر تۆکمەتر و بەهێزتر دەکەن

ئەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیەی ئێستا کە هێشتا ئاسۆی ڕوونی بۆ کۆتاییەکی یەکجاری نییە، لەم چوارچێوەیەدا، شێوازێکی چڕکراوەی توندوتیژییەکی پێکهاتەییە کە پێشتریش بوونی هەبووە. توندکردنەوەی کۆنترۆڵەکان، سنووردارکردنی سەرچاوەکان و لەپێشینەدانانی خەرجییە سەربازییەکان، هەموویان دەبنە هۆی قووڵبوونەوەی نایەکسانییەکان. بۆ ژنانی کرێکار، شەڕ بە واتای چڕبوونەوە و سەختتربوونی سەرجەم ئەو شێوازانەی ستەمە کە پێشتر ئەزموونیان دەکرد. سەرباری ئەوەش، ئەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە وەک ئامرازێکی ئایدۆلۆژیکیش کار دەکات؛ بە زەقکردنەوەی «هەڕەشەی دەرەکی»، داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان پەراوێز دەخرێن و هەرچەشنە نارەزایەتییەک بەرامبەر بە دۆخی زاڵ، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی نیشان دەدرێت. ئەم دۆخە، فەزای ڕێکخستن و بەرخۆدان بەرتەسکتر دەکاتەوە و لە ئەنجامدا، دەستی سەرمایە و دەوڵەت بۆ پێشخستنی سیاسەتە دژەکرێکارییەکان ئاوەڵاتر دەکات

سەرەڕای ئەم هەلومەرجە، مێژووی خەباتە کرێکارییەکان نیشانی دەدات کە چڕبوونەوەی چەوساندنەوە، هەمیشە لەگەڵ فۆرمی نوێی بەرخۆداندا هاوتەریب بووە. ژنانی کرێکار، بەتایبەتی لە ساڵانی دواییدا، ڕۆڵێکی دیاریان لەم بەرخۆدانەدا گێڕاوە؛ لە پێشەنگایەتی لە نارەزایەتییە سەرشەقامییەکانەوە بگرە تا بەشداریکردنی چالاکانە لە نارەزایەتییەکانی مامۆستایان، خوێندکاران، خانەنشینان، پەرستاران، بزووتنەوەی دادخوازی و هتد، کە گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکانی خەباتی ژنان نیشان دەدات. ژنان بە بەرخۆدان و خەباتی خۆیان نەک تەنیا سیمای شەقامەکانی شارەکانی ئێرانیان گۆڕیوە، بەڵکوو سیمای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیشیان گۆڕیوە

ئەم بەرخۆدانانە تەنیا کاتێک دەتوانن ببنە هۆی گۆڕانکاریی بنەڕەتی و پایدار، کە بە ڕێکخراوبوونێکی هۆشیارانە و سەرتاسەرییەوە گرێ بدرێن. ئەوەی زەرووەرتە، گرێدانی خەباتی ئابووری و سیاسییە بە یەکترەوە، و لە هەمان کاتیشدا گرنگیدانە بە ڕەهەندە ڕەگەزییەکانی ئەم خەباتە. بە واتایەکی دیکە، ڕزگاری ژنانی کرێکار لە کۆتوبەندی چەوسانەوە و جیاکاری و نایەکسانی ڕەگەزی، جیاناکرێتەوە لە خەباتی چینایەتی. ئەم ڕزگارییە، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات دژی تەواوی سیستەمی چەوساندنەوە. ژێردەستەیی و چەوسانەوەی ژنان و سەرجەم ئەو هەڵاواردن و جیاوازییانەی دژیان پیادە دەکرێت، وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی، ڕیشەی لەنێو پێکهاتە و پەیوەندییە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە باڵادەستەکانی نێو کۆمەڵگادایە. تا ئەو کاتەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی نەڕووخێنرێت و پێکهاتەکانی ئابووریی سەرمایەداری لە بنجەوە هەڵنەوەشێندرێنەوە، هەروەها هێزە کۆمەڵایەتییە مەزنەکەی بەرهەمهێنەران نەکەوێتە سەر ڕێڕەوی ڕێکخستنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و ئابوورییەکی سۆسیالیستی و بەڕێوەبردنێکی شۆراییانەی کۆمەڵگا، چەوسانەوەی ژنان لە سیمای کۆمەڵگا ناسڕدرێتەوە، و تا ژنانیش ئازاد نەبن، کۆمەڵگاش ئازاد نابێت. لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی پێشڕەویی ئەم بزووتنەوەیە، جەماوەری ملیۆنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بهێننە نێو گۆڕەپانی خەباتەوە. بەرژەوەندی کورتخایەن و درێژخایەنی ژنان و پیاوانی کرێکار لەوەدایە کە لە ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییە سەربەخۆکان لە دەوڵەت و لەنێو حیزبی سیاسی خۆیاندا ڕێک بخرێن و، شانبەشانی یەکتر بۆ کۆتاییهێنان بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ستەمگەری سیستەمی سەرمایەداری خەبات بکەن. لەبەر ئەوەی خەباتی ڕێکخراوی ژنان هۆکارێکی حەیاتییە بۆ پێشخستنی پرسی ڕزگاری، دەبێت کەڵک لە هەر دەرفەتێک وەربگیرێت بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکانی ژنان جیا لە دەوڵەت، تاوەکوو ژنان بەو هێز و شکۆیەی کە شایستەیانە، لە ڕیزی پێشەوەی خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی مێژوویی خۆیان بگێڕن

❊❊❊

# ١٢ی گوڵان، وەبیرهێنەرەوەی ئیرادە و خەباتی مامۆستایان لە ئێران

لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی خەبات و تێکۆشانی مامۆستایانی ئێراندا، ڕۆژی ١٢ی گوڵان وەک "ڕۆژی مامۆستا" ناودێر کراوە. ٦٥ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژی ١٢ی گوڵانی ساڵی ١٣٤٠ی هەتاویدا، هەزاران مامۆستا بە داواکاری چوونەسەرەوەی حەقدەستەکانیان لە گۆڕەپانی "بەهارستان" کۆبوونەوە و خوازیاری دیدار لەگەڵ سەرۆکی مەجلیس بوون. هێزە سەرکوتگەرەکانی پۆلیسی ڕژێمی دیکتاتۆری پاشایەتی پەهلەوی، هێرشیان کردە سەر ئەم کۆبوونەوەیە و بە باتۆم و ماشێنی ئاوپڕژێن پەلاماری مامۆستایانی نارازییان دا. لەو ڕۆژەدا، سەرۆکی بنکەی پۆلیسی بەهارستان، دەستڕێژی گوللەی لە مامۆستایانی تێکۆشەر و لەوانەش "ئەبولحەسەن خانعەلی"، مامۆستا و خوێندکاری قۆناغی دکتۆرای فەلسەفە لە تاران کرد، کە لە ئاکامدا ئەبولحەسەن خانعەلی گیانی بەخت کرد و دوو مامۆستای دیکەش بریندار بوون. لە ١٨ی گوڵانی هەمان ساڵدا، کۆبوونەوەی جەماوەری مامۆستایان، بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک، ڕۆژی ١٢ی گوڵانیان بۆ یادکردنەوەی مانگرتنی مامۆستایان و بەرزڕاگرتنی یادی دکتۆر خانعەلی، بە "ڕۆژی مامۆستا" ڕاگەیاند و بڕیار درا کە هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا سەرجەم قوتابخانە و دامەزراوە فەرهەنگییەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا دابخرێن. لە سەردەمی حکوومەتی دیکتاتۆری پاشایەتی پەهلەویدا، لەژێر گوشاری خەباتی مامۆستایاندا، ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی مامۆستا بە فەرمی ناسێندرا

بەڵام ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە، هەوڵی دا ئەم ڕۆژە مێژووییە لە نێوەڕۆکە شۆڕشگێڕانە و خەباتکارانەکەی بەتاڵ بکاتەوە. ڕژێمی ئیسلامی تیرۆری "مورتەزا موتەهەری"، سەرۆکی شۆرای دژیشۆڕشی ئیسلامی و لە تیۆریسیەنەکانی کۆنەپەرستی لە ١١ی گوڵانی ١٣٥٨دا وەک هەلێک قۆستەوە و هەوڵی دا ١٢ی گوڵان، واتە ڕۆژی مامۆستا، بە ناوی ئەم تیۆریسیەنە کۆنەپەرستە ئیسلامییەوە گرێ بدات. بەڵام ئەم چەواشەکارییە مێژووییە هەرگیز لەلایەن کۆمەڵگەی مامۆستایانی ئێرانەوە قبووڵ نەکرا و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران ئێستایش خەباتی مامۆستایان و گیانبەختکردنی مامۆستای تێکۆشەر، دکتۆر خانعەلی، بە بۆنەی سەرەکیی ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە دەزانن

ئەمساڵ ڕۆژی مامۆستا لە هەلومەرجێکدا دێت، کە دەرئەنجامەکانی شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، کار، ژیان، بژێوی و خەباتی مامۆستایانی وەک بەشێک لە چینی کرێکار و زۆرینەی خەڵکی ئێرانی لە دۆخێکی زۆر دژوارتردا قەتیس کردووە. ئەم شەڕە بە کۆمەڵکوژی هەزاران مرۆڤ و ئاوارەیی و وێرانکردنی ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، و بێکارکردنی زیاتر لە ٢ ملیۆن کرێکار و پەرەپێدانی شەپۆلی سەرکوت، نەک هەر بنەماکانی بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خستووەتە ژێر زەبرەوە، بەڵکوو بە پەراوێزخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان، ڕەوتی گەشەی ئەم بزووتنەوانەی لە بواری خۆڕێکخستندا ڕووبەڕووی ئاستەنگ کردووەتەوە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە بیانووی شەڕ و بە پچڕاندنی ئینتەرنێت، کە لە سەردەمی ئێستادا وەک ژێرخانێکی گرنگی ئابووری دێتە ئەژمار، نەک تەنیا خەڵکی ئێرانی لە مافی سەرەتایی خۆیان بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری بێبەش کردووە، بەڵکوو دەیان هەزار هەلی کاریشی لەناوبردووە. ئەم بێکارکردنە بەربڵاوە لە هەلومەرجێکدا کە ڕێژەی هەڵاوسان و گرانی بە شێوەیەکی یەکجار بەرین هەڵکشاوە، ژیان و گوزەرانی بنەماڵە کرێکارییەکان و چینە چەوساوەکانی کۆمەڵگەی خستووەتە ژێر گوشارێکی لەتاقەتبەدەرەوە و مامۆستایانیش لەم هاوکێشەیە بەدەر نین. بەڵام ئەوەی جێگەی هیوایە ئەوەیە کە مامۆستایان، بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا، گەیشتوونەتە ئاستێک لە هۆشیاری، ئەزموونی کردەیی و پوتانسیێلەکانی خۆڕێکخستن لە ئاستی سەرتاسەریدا، کە شەڕ و دەرئەنجامەکانی ناتوانن لەناوی ببەن. ئەگەر خەباتی مامۆستایان لەژێر سێبەری هەلومەرجی شەڕدا پەراوێز خرابێت، ئەوا لە قۆناغی پاششەڕدا دەتوانێت ببێتە هێزێکی ماددی بۆ بووژاندنەوە و پەرەپێدانی زیاتری خەبات

مامۆستایانی ئێران بە پشتبەستن بەو پاشخانە خەباتکارانەی هەیانبووە، سەرەڕای پاکسازییەکان، زیندان، ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی مامۆستایانی کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ لەلایەن ڕژێمەوە، بەتایبەتی لە دەیەی ٨٠ی هەتاوییەوە و هاوکات لەگەڵ تێکۆشانی بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کرێکاریدا، دەستیان بە خەباتەکەیان کردەوە. خەباتی مامۆستایان سەرەڕای گوشاری بەردەوام و ڕەشبگیریی چالاکان، هەم لە ڕووی فۆرم و هەم لە ڕووی دروشم و داواکارییەکانەوە، بە شێوەیەکی عەینی سنووری یاسا ئیسلامییەکان و ئەو چوارچێوە بەرتەنگانەی تێپەڕاند کە هەندێک لە ڕێکخراوە پیشەییەکانی لایەنگری ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی بۆیان دیاری کردبوو، و زیاتر لە جاران ماهییەتێکی سیاسی و ڕادیکاڵی بەخۆیەوە گرت

لە ڕاستیدا، دوای ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکانی هەژاران و پەراوێزنشینانی شارەکان لە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨، وە لە ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و "ژن، ژیان، ئازادی"دا، بزووتنەوەی داخوازی مامۆستایانیش قووڵتر و بەربڵاوتر بووەتەوە. مامۆستایانی تێکۆشەر پاش کۆمەڵکوژییە سامناکەکەی نارازییان لە ١٨ و ١٩ی بەفرانباری ١٤٠٤دا، بە وەڕێخستنی کەمپەینی "کورسییە بەتاڵەکان"، پلاتفۆرمەکانی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کردە مەیدانێک بۆ ئاشکراکردن و ڕیسواکردنی ڕەهەندەکانی تاوانەکانی ڕژێمی ئیسلامی. لە درێژەشدا بە بانگەوازی مانگرتنی سەرتاسەری قوتابخانەکان لە ڕۆژی ٢٩ی ڕێبەندان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بەو تاوانانە، لە پێناو بەرگریکردن لە کەرامەت و ئاسایشی قوتابیان و هاوپشتی لەگەڵ بنەماڵە جەرگسووتاوەکان، هەستی بەرپرسیارێتی و گرێدراوەییە قووڵە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان لەگەڵ ئازار و مەینەتی و هاوارە هاوبەشەکاندا سەلماند

مامۆستایانی ئێران لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە وەڕێخستنی چەندین مانگرتن و نارەزایەتی سەراسەری و بە ڕاگەیاندنی هەڵوێستی لێبڕاوانە لە بەرامبەر پەلاماری حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بۆ سەر کار، ژیان، بژێوی و مافە سەرەتاییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک، پوتانسیێلەکانی خۆیان بۆ کاریگەریدانان لەسەر کەشی سیاسی کۆمەڵگە نیشان داوە. مامۆستایان یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی بەرزکردنەوەی ئاڵای داواکارییە لانیکەمییەکانی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان بوون کە تێیدا لەسەر چەندین پرسی گرنگ پێداگری کراوە؛ لەوانە: ئازادییە بێقەیدوشەرتە سیاسییەکان، ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، بەرابەری ژن و پیاو لە گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، خوێندنی بێبەرامبەر بۆ هەموو منداڵان، هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردنەکان، چوونەسەرەوەی حەقدەستەکان بۆ سەرووی هێڵی هەژاری، هەروەها داواکاری قەدەغەکردنی تایبەتسازی و کاڵاییبوونی پەروەردە، و دابینکردنی چارەسەری پزیشکی بێبەرامبەر و هتد. پێشڕەویی خەباتی مامۆستایان بۆ داسەپاندنی داخوازییەکانیان و بۆ ئازادکردنی مامۆستایان و کرێکاران و گشت بەندکراوانی سیاسی، لەگرەوی یەکڕیزی و هاوپشتیی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و لەگرەوی گرتنەبەری تاکتیکی گونجاو بۆ یەکگرتوویی و سەرتاسەری کردنەوەی زیاتری ئەم نارەزایەتییانەدایە

❊❊❊



# گەڵاڵەی "کاڵا بە قەرز"، سەلمێنەری ڕەهەندە سامناکەکانی هەژاری گشتی

لەگەڵ قوڵبوونەوەی قەیرانی پێکهاتەیی ئابووری، کۆماری ئیسلامی لەبری وەڵامدانەوە بە داخوازییەکانی چینی کرێکار، هەنگاوی فریوکارانەی وەک گەڵاڵەی "کاڵا بە قەرز بە زەمانی یارانەی نەقدی" خستووەتە بەرنامەی کاری خۆیەوە. وردەکارییەکانی ئەم گەڵاڵەیە ڕۆژی چوارشەممە، نۆی گوڵان، لەلایەن سازمانی پلان و بودجە و وەزارەتی کاری دەوڵەتی پزیشکیانەوە ڕاگەیەندرا. ئەم گەڵاڵەیە کە نیشاندەری قوڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و مایەپووچبوونی حکومەتی ئیسلامییە، لە ڕاستیدا پڕۆژەیەکە بۆ ئاساییکردنەوە و سەپاندنی هەژاری و برسیەتی بەسەر کرێکاران و توێژە چەوساوەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا، نەک هەنگاوێک بۆ کەمکردنەوەی. گەڵاڵەی "کاڵا بە قەرز بە زەمانی یارانەی نەقدی"، وەڵامی دەوڵەتی پزیشکیانە بە دارمانی بێوێنەی بەهای تمەن بەرامبەر بە دراوە بیانییەکان و دابەزینی توندی توانای کڕینی کرێکاران و زەحمەتکێشان

بەپێی ئەم گەڵاڵەیە، ئەو کرێکار و جەماوەرە بەشمەینەتەی ئێران کە یارانەی نەقدی وەردەگرن، دەتوانن ئەو یارانە کەم و بێبەهایە وەک پێشەکی بدەن؛ واتە بە گرەنتیی یارانەی دوو مانگ، بەشێکی زۆر کەم لە خۆراکە سەرەکییەکانیان بە قەرز بکڕن. بێگومان بڕی یارانەی نەقدی دەوڵەت بۆ بنەماڵە کەمداهاتەکان، تەنیا یەک ملیۆن تمەنە لە مانگێکدا (کە دەکاتە نزیکەی ٥ دۆلار و نیو) کە بڕیارە کۆماری ئیسلامی بیدات. جێی ئاماژەیە کە دەوڵەت لە بەفرانباری ساڵی ڕابردوودا بڕیاریدا دراوی پاڵپشتیکراو (ارز ترجیحی) واتە "دۆلاری ٢٨٥٠٠ تمەنی" هەڵبوەشێنێتەوە و لەبری ئەوە یارانەیەکی نەقدیی یەک ملیۆن تمەنی بداتە بنەماڵەکان. بەپێی ئەم بڕیارەی حکومەتی ئیسلامی، ئەو کۆمپانیایانەی کە تۆڕی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ و ئۆنلاینیان هەیە، دەتوانن لە خولی دوو مانگەدا، بە بڕی دوو ملیۆن تمەن متمانەی کڕینی قەرزەکیی کاڵا سەرەکییەکان بدەنە ئەو خێزانانەی کە یارانە وەردەگرن

لەم گەڵاڵەیەدا، بۆ دڵنیابوون لە گەڕاندنەوەی ئەم قەرزە، هاتووە کە "لە ئەگەری نەتوانینی خێزانەکان بۆ دانەوەی قەرزەکانیان، ڕێکخراوی هەدەفمەندکردنی یارانەکان بۆی هەیە بڕی قەرزەکە لە یارانەی نەقدیی مانگەکانی دواتر کەم بکاتەوە و بیخاتە سەر هەژماری کۆمپانیاکە". گەڵاڵەی "کاڵا بە قەرز بە زەمانی یارانەی نەقدی"، لە واقیعدا بەپیلانێکی ئەمنی حکومەتی ئیسلامیش هەژمار دەکرێت؛ چونکە مەرجی جێبەجێکردنی ئەوەیە کە ڕێکخراوی هەدەفمەندکردنی یارانەکان ئەرکدار کراوە تەواوی زانیارییە کەسی و خێزانییەکانی کەسی وەرگری یارانەکە بخاتە بەردەست کۆمپانیا تایبەتە قەرزدەرەکان

ئەم گەڵاڵەیە تەنیا چینی کرێکار و توێژە چەوساوەکان ناگرێتەوە، بەڵکو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەش دەگرێتەوە. بەپێی دانپێدانانی جێگری وەزارەتی کاری ڕژێم، ٨٦ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی ئێران مافی وەرگرتنی "کالابەرگ" (کۆپۆنی کاڵا)یان هەیە، کە ٩٨ لەسەدیان متمانەی یارانەکەی خۆیان بەکارهێناوە. ئەمەش بە واتای بوونی هەژارییەکی گشتگیرە لە کۆمەڵگادا، کە جگە لە مشتێک سەرمایەدار و دەستوپێوەندەکانی حکومەتی ئیسلامی، تەواوی خەڵکی دیکە ناچارن ئەم یارانە بێبەهایە وەربگرن و لە بەرامبەریشدا مەرجە ئەمنییەکانی ڕژێم قبوڵ بکەن و زانیارییە تایبەت و خێزانییەکانیان بخەنە بەردەست حکومەت و کۆمپانیا تایبەتەکان کە هیچ بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و مرۆییان بەرامبەریان نییە

ڕەهەندە سامناکەکانی هەژاری گشتی تەنانەت لە ڕاپۆرتی بانکی ناوەندیی کۆماری ئیسلامیشەوە هەستی پێ دەکرێت، کە تیایدا هەڵاوسانی گشتی ساڵانەی لە سەرووی ٥٠ لەسەد و هەڵاوسانی خاڵی کاڵاکانی لە سەرووی ٩٥ لەسەد ڕاگەیاندووە. لە ماوەی ئەو دوو مانگەی کە بەسەر شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا تێپەڕ دەبێت، نرخی کاڵا سەرەکییە پێویستەکانی خەڵک زیاتر لە ٤٠ لەسەد بەرزبووەتەوە. ئەمەش لە لای خۆیەوە توانای کڕینی بنەماڵە کرێکارییەکان و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی زیاتر دابەزاندووە و هەژاریی گشتی لە کۆمەڵگەدا گەیاندووەتە قۆناغێکی باڵاتر

لە لایەکی دیکەوە، هەلومەرجی شەڕیش، ڕەهەندەکانی دەرکردن لە کار و بێکارسازی فراوانتر کردووە. بەپێی ڕاپۆرتی دامەزراوە حکومییەکان کە بە شێوەیەکی ئاسایی ئامارگەلێکی زۆر کەمتر لە قەبارەی ڕاستەقینەی هەژاری و بێکاری دەخەنە ڕوو، ئەم دۆخە بووەتە هۆی ئەوەی کە تەنیا لە تاران زیاتر لە ٤ ملیۆن کەس بێکار بن، کە بەشێکی زۆریان بەهۆی بڕینی ئینتەرنێت لەلایەن حکومەتەوە کارەکانیان لەدەست داوە. بۆردومانی ناوەندە پیشەسازییەکان کە بووەتە هۆی وێرانبوون و پەککەوتنی تەواوەتی یان بەشێکیان، دەرکردن و بێکاربوونی زیاتری کرێکارانی لێ کەوتووەتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی هەڵسوڕاوانی کرێکاری، ئەم بۆردومانانە تەنیا لە پیشەسازییەکانی پترۆکیمیایی لە ماهشەهر و عەسەلویە بوونەتە هۆی بێکاربوونی زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس.

هەلومەرجی شەڕ کاریگەریی خستووەتە سەر زیاتر لە ٨٠ لەسەدی کرێکارانی کەرتی بیناسازیش و بێکاری کردوون

لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا دەوڵەتەکانی کۆماری ئیسلامی یەک لەدوای یەک، بۆ دابینکردنی بەشێک لە کورتهێنانی بودجەی خۆیان، بڕە پارەیەکی زۆریان لە سندوقەکانی دابینی کۆمەڵایەتی تاڵان کردووە و ئەم سندوقانە ئێستا ناتوانن وەڵامدەرەوەی دابینکردنی بیمەی بێکاری بۆ کرێکاران و مووچەخۆران بن و دەوڵەتیش لە بەرامبەریاندا بێباکانە شانی لێ دادەتەکێنێت. تەنیا هەنگاوی دەوڵەتی پزیشکیان لەم پێوەندییەدا، فێڵێکی دیکەیە لەژێر ناوی "پشتیوانی دەوڵەت لە کارەکان" بۆ ڕێگریکردن لە دەرکردن و کەمکردنەوەی هێزی کار. بە پەسەندکردنی ئەم گەڵاڵەیە، بڕیارە دەوڵەت قەرز بداتە کارگە و کارخانە بچووکەکان. بەپێی ئەم بڕیارە درۆینەیە، دەوڵەت لەبری هەر کرێکارێک، بڕی ٢٠ ملیۆن تمەن وەک قەرز دەداتە ئەم کارگانە. ئەم قەرزە بۆ ماوەی دوو مانگ و بە ڕێژەی سوودی ٩ لەسەدە، کە دەبێت لە ماوەی ٦ مانگدا بگەڕێندرێتەوە. ڕێگاچارەی دەوڵەت لەم بوارەدا خزمەتکردنە بە سەرمایەداران و هیچ پەیوەندییەکی بە پاراستنی هێزی کارەوە نییە

بێگومان ڕێبەران و هەڵسوڕاوانی کرێکاری بەباشی لە فێڵە دژەکرێکارییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی سەرمایە و سەرمایەداران ئاگادارن و دەزانن کە هەر پڕۆژە و جووڵەیەک لەلایەن ئەوانەوە، لە خزمەت پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەدایە و هیچ گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی دژواری ژیانیان دروست ناکات؛ دەزانن لە بەرامبەر شەپۆلی بێکارسازییەکان بە بیانووی شەڕ، لە دەوڵەتی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی هیچ شتێک چاوەڕێ ناکرێت. بۆیە زەرووره خودی کرێکاران بە پەرەپێدانی نارەزایەتی و مانگرتنەکان و سەرانسەریکردنیان و ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیان لەم مەیدانەدا، پێداویستییەکانی ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی دابین بکەن و لەسەر وێرانەکانی ئەم ڕژێمە، دەسەڵاتی شۆرایی خۆیان دامەزرێنن

❊❊❊



# دژەکۆچبەری لەژێر ئاڵای بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤدا

لە ساڵانی ڕابردوودا، بەهۆی ئاوارەبوون و جێگۆڕکێی بەربڵاوی مرۆڤەکان لە سنوورەکانەوە کە دەرئەنجامی شەڕ و نائەمنی و ڕوودانی کارەساتی مرۆییە، یەکێک لە ناتەباییەکانی نەزمی جیهانی سەرمایەداری زیاتر لە جاران خۆی دەرخستووە. ئەو زلهێزانەی لە گوتاری فەرمیدا خۆیان وەک پارێزەری "مافی مرۆڤ"، "ئازادی ژنان" و "بەها دیموکراتیکەکان" پێناسە دەکەن، لە پراکتیکدا دەچنە ناو هاوکارییەوە لەگەڵ هێزگەلێک کە هەبوونیان لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی هەمان ئەو پرەنسیپانە دامەزراوە. ئەم ناتەباییە، لە ڕووی پێکهاتەییەوە ڕەنگدانەوەی لۆژیکی دەرۆنی سەرمایەداریی جیهانییە. کۆچی بەربڵاوی خەڵکی ئەفغانستان بۆ ئەورووپا، بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ سەر دەسەڵات لە ساڵی ٢٠٢١دا، ناکرێت تەنیا لە چوارچێوەی "قەیرانێکی مرۆیی" و دابڕاو لە زەمینە مێژوویی و ئابوورییەکانی لێک بدرێتەوە. ئەم جێگۆڕکێیە مەزنە، بەرهەمی ڕاستەوخۆی دەیان ساڵ دەستتێوەردانی ئیمپریالیستی، شەڕ، داڕمانی ژێرخانە ئابوورییەکان و جێگیرکردنی هێزە کۆنەپەرستەکانە لەنێو پێکهاتەی دەسەڵاتدا. ملیۆنان مرۆڤ، بەتایبەتی ژنان، کرێکاران و لاوان، بۆ ڕزگاربوون لە نەزمێک کە سەرەتاییترین مافە مرۆییەکان سەرکوت دەکات، ناچار بە جێهێشتنی وڵاتی خۆیان بوون

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی ڕەهەندەکانی ئەم کارەساتە مرۆییە بەربڵاوتر و قووڵتر دەکاتەوە، شێوازی مامەڵەی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی ئەورووپایە لەگەڵ هەمان هێزی کۆنەپەرستی تاڵیباندا. لە ساڵانی ڕابردوودا، پەیوەندی و دیدارە فەرمییەکانی نێوان نوێنەرانی یەکێتیی ئەورووپا و تاڵیبان زیادی کردووە. ئەم مامەڵانە کە زۆرجار بە بیانووی وەک "بەڕێوەبردنی کۆچی پەنابەران" یان "لێکۆڵینەوە لە هەلومەرجی گەڕانەوەی پەنابەران" پاساویان بۆ دەهێنرێتەوە، نیشانی دەدەن کە چۆن بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان دەخرێنە پێش هەر جۆرە بانگەشەیەکی ئەخلاقییەوە. بەڵگە بەردەستەکانی کۆبوونەوە دیپلۆماتیکەکان لە برۆکسل و پایتەختەکانی دیکەی ئەورووپا، ئەوە دەردەخەن کە ئەولەوییەتی سەرەکی ئەم دەوڵەتانە، باشترکردنی دۆخی کارەساتباری خەڵکی ئەفغانستان نییە، بەڵکوو کۆنترۆڵکردنی شەپۆلی کۆچبەران و کەمکردنەوەی فشارە ناوخۆییەکانی خۆیانە

دەبێت ئەم ڕوانگەیە لە چوارچێوەی دابەشکاری نایەکسانی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیدا شی بکرێتەوە؛ نەزمێک کە تێیدا دەوڵەتە ئەورووپییەکان بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکان، هەژموونی خۆیان بەسەر وڵاتانی "باشووری جیهانی"دا بەرهەم دەهێننەوە. لە پێکهاتەیەکی لەم چەشنەدا، دەوڵەتەکان نەک لەسەر بنەمای ڕادەی پابەندبوونیان بە مافەکانی مرۆڤەوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای کارکردیان بۆ پاراستنی سەقامگیری ئەم نەزمە هەڵدەسەنگێنرێن. هەر لەبەر ئەمەشە ڕژێمگەلێکی وەک تاڵیبان، سەرەڕای سرووشتی دژەژن و سەرکوتگەرانەیان، تا ئەو کاتەی لە خزمەت بەرژەوەندییە گەورەکانی ئەم سیستەمەدا کار بکەن، دەتوانن وەک هاوکار پەسەند بکرێن

یەکێک لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئەم دۆخە، بەکارهێنانی ئامرازییانەی چەمکی "ئاسایش"ە. دەوڵەتە ئەورووپییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە ئابوورییەکان، پەرەسەندنی نایەکسانی و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا، تێدەکۆشن ئاراستەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان دژی کۆچبەران کەناڵیزە بکەن و ڕای گشتی چەواشە بکەن و بەلاڕێیدا بەرن. لەم چوارچێوەیەدا، پەنابەران نەک وەک قوربانییانی نەزمێکی نایەکسان، بەڵکوو وەک هۆکاری قەیران و نائەمنی و پەلاماری کولتووری پێناسە دەکرێن. دانوستان لەگەڵ تاڵیبان و ڕژێمە هاوشێوەکانی دیکە، بەشێکە لەم ستراتیژییە؛ واتە سپاردنی ئەرکی کۆنترۆڵی کۆچبەران بەو هێزانەی کە خۆیان هۆکاری سەرەکین لە بەرهەمهێنانی ئەو کۆچەدا

ئەم دۆخە بۆ ژنانی ئەفغانستان مانایەکی دووهێندە تاڵتری هەیە. ئەو ژنانەی لەژێر زەبری سیستەمی ئاپارتایدی ڕەگەزی و قەدەغەبوونی خوێندن، کارکردن و دەرکەوتن لە گۆڕەپانی گشتیدا هەڵاتوون، ئێستا دەبینن هەمان ئەو زلهێزانەی بانگەشەی بەرگریکردن لە مافەکانیان دەکرد، دەچنە ناو هاوکارییەوە لەگەڵ بکەرانی ئەم سەرکوتە. ڕەوتێکی لەم چەشنە نەک تەنیا هەستی بێپەنایی زیاتر دەکات، بەڵکوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەوایی دەبەخشێت بە پێکهاتە سەرکوتگەرەکان. ناکرێت ئەم ناتەبایی و ناکۆکییانە تەنیا لە ئاستی بێشەرمی و دووڕوویەکی سیاسیدا بچووک بکرێنەوە. ئەوەی خەریکە ڕوو دەدات، دەرئەنجامی لۆژیکی کارکردی سیستەمێکە کە لەسەر کەڵەکەبوونی سەرمایە، کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی و پاراستنی پەیوەندییە نایەکسانەکانی دەسەڵات دامەزراوە. لەم چوارچێوەیەدا، مافی مرۆڤ تەنیا تا ئەو جێگایە گرنگی هەیە کە لەگەڵ بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی زلهێزە سەرمایەدارییەکاندا نەکەوێتە ململانێ و ناکۆکییەوە؛ هەرکاتێکیش ئەم پێکدادانە دروست بێت، ئەولەوییەت بێوچان دەدرێت بە بەرژەوەندییەکانی سەرمایە

نموونە بەرچاوەکانی ئەم ڕەوتە دەکرێت لە سیاسەتە سنوورییەکانی یەکێتیی ئەورووپادا ببینرێت؛ لە ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی سێیەم بۆ ڕێگریکردن لە هاتنی پەنابەرانەوە بگرە، تا دەگاتە دابینکردنی بودجە بۆ هێزە ئەمنییەکان لە وڵاتانی سەرچاوە یان تێپەڕگەی کۆچبەران، و دروستکردنی میکانیزمی ئاسانکاری بۆ دیپۆرتکردنەوەیان. لە زەمینەیەکی وەهادا، تەنانەت ئەو حکوومەتانەش کە کارنامەی ڕەشیان لە پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا هەیە، دەتوانرێت وەک شەریک و هاوکار بەکار بهێنرێن. هاوکاریی دەوڵەتە ئەورووپییەکان لەگەڵ تاڵیبان ڕێک لەنێو ئەم لۆژیکەدا جێگەی تێگەیشتنە. لەپاڵ ئەمانەشدا، ڕۆڵی ئایدۆلۆژیاش یەکلاکەرەوەیە. میدیاکان و گوتاری فەرمی لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپیدا، بە تیشکخستنە سەر "قەیرانی کۆچبەری" و "مەترسیی کولتووری" و بە چەواشەکردنی ڕای گشتی، زەمینەی کۆمەڵایەتی بۆ پەسەندکردنی ئەم سیاسەتانە خۆش دەکەن. لەم گێڕانەوەیەدا، بەرپرسیارێتی قەیرانەکە لە پێکهاتەکانی سەرمایەداری جیهانییەوە دەخرێتە ئەستۆی خودی پەنابەران، و قوربانیی قەیرانەکە، وەک هۆکاری قەیرانەکە دەناسرێت. جێگۆڕکێیەک کە نەک تەنیا ڕاستییەکان دەشێوێنێت، بەڵکوو ئەگەری پێکهاتنی هاوپشتی چینایەتی لەنێوان کرێکارانی باکوور و باشووری جیهانیشدا لاواز دەکات

لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا، ئەوەی لە هەر شتێک زیاتر بە پێویست دەزانرێت، بونیادنانەوەی ئاسۆیێکی ئینتەرناسیۆنالیستییە؛ ئاسۆیەک کە خەباتی کرێکاران، ژنان و جەماوەری چەوساوەی ئەفغانستان، ئێران و ناوچەکانی دیکەی جیهان، وەک پێکهاتەکانی خەباتێکی هاوبەش دژی نەزمی سەرمایەداری زاڵ بەسەر جیهاندا ببینێت. ئەمەش پێویستی بە وەلانانی هەر جۆرە وەهمێکە بەرامبەر بە پێکهاتەکانی سیستەمی سەرمایەداری. ئەزموون سەلماندوویەتی کە بێ ڕێکخستن، بێ پێکهاتن و گەشەکردنی بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکان، بێ پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەکان و بێ هەبوونی ئاسۆیێکی سۆسیالیستی، هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەستەبەر نابێت

***



# ناکۆکییەکانی نێو ڕێبەرایەتی کۆماری ئیسلامی لەسەر فۆرمی سازشکردن لەگەڵ ئەمریکا

دانوستانەکانی نێوان دەوڵەتی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی، هەفتەی ڕابردوو لەلایەن ترامپەوە بە هەڵوەشاندنەوەی سەفەری نوێنەرانی ئەمریکا بۆ ئیسلامئاباد، بە شێوەیەکی کاتی ڕاگیرا. کۆماری ئیسلامیش ڕایگەیاند کە خۆی لە بەشداریکردن لەو دانوستانانە دەبوێرێت. بڕیار وا بوو ئەم دانوستانە ڕۆژی چوارشەممە، ٢ی گوڵان لە ئیسلامئاباد بەڕێوە بچێت. فەرماندەیی سپای پاسداران ڕایگەیاندووە کە تا ئەو کاتەی گەمارۆی دەریایی بەردەوام بێت، ئەوا دانوستان بێهوودەیە. ئاژانسی "ئەکسیۆس" ئاشکرای کرد کە عەراقچی لە دیداری لەگەڵ نێوەندگیرەکاندا دانی بەوەدا ناوە کە هۆکاری پچڕانی دانوستانەکان، بوونی ناکۆکییە لە نێوخۆی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا و هیچ کۆدەنگییەک لەسەر چۆنیەتیی وەڵامدانەوە بە خواست و داواکارییەکانی ئەمریکا بوونی نییە

عەراقچی دەریخستووە کە هەم پزیشکیانی سەرکۆمار و هەم خۆیشی وەک وەزیری دەرەوە، دژی ئەم بڕیارەی سپای پاسداران بوون. سەرباری ئەمەش، سەفەرەکان و ڕاوێژکارییەکانی عەراقچی تا ئێستا بێ هیچ پێشکەوتنێک بەردەوام بووە. ناوبراو لەم دواییانەدا لە ماوەی دوو ڕۆژدا دوو جار سەفەری پاکستانی کردووە، ئەمەش خۆی دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە لە نێو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، سپای پاسداران بڕیاردەری سەرەکییە لە دارشتنی سیاسەتە ستراتیژییەکاندا و دەوڵەتەکەی پزیشکیانیش جگە لە ڕۆڵی ئامادەکار و کارگێڕێکی گوێڕایەڵ، هیچ نەخش و دەورێکی تری لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا نییە. بێگومان فەرماندەکانی سپای پاسدارانیش، سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشە و لاف و گەزافەکانیان، هیچ بەرنامە و ستراتیژییەکی دیاریکراویان بۆ پێشکەشکردنی پێشنیارەکانیان سەبارەت بە سازش لەگەڵ ئەمریکا پێ نییە. هەواڵدەرییەکانیش باس لە هەبوونی کێشە و ململانێی توند لە نێوان فەرماندەکانی سپای پاسداران دەکەن سەبارەت بە پرسی دانوستان و پێدانی ئیمتیاز بە ئەمریکا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، عەباس عەراقچی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتەکەی پزیشکیان، نەک لە پێگەی دانوستانکارێکدا، بەڵکوو تەنیا وەک پەیامنێرێک ڕەوانەی پاکستان کرا تا پەیامەکانی ڕێبەرایەتی سپای پاسداران بە پاکستان وەک وڵاتێکی نێوەندگیر بگەیەنێت

سەرباری ئەوەش، ڕۆژی یەکشەممە، ٦ی گوڵانی ١٤٠٥، عەباس عەراقچی بە پێشنیارێکی نوێوە سەبارەت بە ڕاگەیاندنی ئامادەیی بۆ کردنەوەی گەرووی هورمز و ڕاگرتنی شەڕ لە بەرامبەر هەڵگرتنی گەمارۆی سەر کەنداوی فارس و دەریای عومان، دووبارە لە مەسقەتەوە گەڕایەوە بۆ پاکستان. لەم پێشنیارەدا کۆماری ئیسلامی داوای کردووە کە "پرسی ڕادەستکردن و بردنەدەرەوەی یۆرانیۆمی پیتێندراو لە ئێران، ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ ماوەی لانیکەم ١٠ ساڵ، سنووردارکردنی مەودای موشەکەکان و پرسەکانی تر، بۆ کاتێکی تر دوابخرێن". چونکە ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی جێگەی بایەخی بەپەلە و لەپێشینەیە، بریتییە لە هەڵگرتنی گەمارۆی سەر دەریای عومان و فرۆشتنی نەوت، کە قەیرانی ئابووریی ڕژێمی قووڵتر و دژوارتر کردووەتەوە. لەم ماوەیەدا، هێزەکانی ئەمریکا بە توندی گەمارۆی سەر دەریای عومان و گەرووی هورمزیان خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و ٣٧ کەشتی کۆماری ئیسلامییان ناچار بە گەڕانەوە بۆ بەندەرەکانی ئێران کردووە

لە لایەکی دیکەوە، ترامپ ڕۆژی یەکشەممە ٦ی گوڵان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ فۆکس نیوز ڕایگەیاند کە: "بە نیازە بەردەوام بێت لە گەمارۆ دەریاییەکان بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناچار بکات تەسلیمی سەرجەم داواکارییەکانی ئەمریکا ببێت". بوونی ناکۆکی لە نێو ئۆرگانی سەرکردایەتی نوێی سپای پاسداران لە لایەک، و پارادۆکس و گۆڕینی هەڵوێستی ڕۆژانەی ترامپیش لە لایەکی ترەوە، ئاسۆی بەردەوامیی ئاگربەست و کۆتاییهاتنی یەکجاریی شەڕی بەرەوڕووی لێڵی و تەمومژێکی زۆر کردووەتەوە

لەم نێوەندەدا، دەرئەنجام و لێکەوتەی بڕیار و هەنگاوەکانی ترامپ و ڕێبەرایەتی سپای پاسداران لە هەڵگیرساندنی شەڕێکی کۆنەپەرستانە و تاوانکارانەدا، ژیان و گوزەرانی کرێکاران و چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگای بەرەوڕووی کێشە و نەهامەتییەکی بێئەژمار کردووەتەوە. بە دانپیادانانی بەرپرسانی ڕژێمی ئیسلامی، بۆردومانکردنی ژێرخانە ئابوورییەکان، بڕینی ئینتەرنێت لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی ڕژێمەوە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا و بێکارسازییە یەک لەدوای یەکەکان، ملیۆنان ئینسانی تری خستووەتە ڕیزی بێکارانەوە و دابینکردنی بژێوی و گوزەرانیانی بەرەوڕووی ئاستەنگی گەورە کردووەتەوە. قووڵبوونەوە و پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری، گرانی و هەڵاوسانی سەرووی ٧٠ لەسەدی کاڵا خۆراکییەکان، توانای کڕینی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی بە شێوەیەکی بێوێنە دابەزاندووە

لە وەها هەلومەرجێکدا، ڕژێمی ئیسلامی کە هیچ وەڵامێکی بۆ داخوازیی جەماوەر پێ نییە، لەپێناو مانەوە و درێژەدان بە تەمەنی خۆی، ماشێنی سەرکوت و لەسێدارەدانی خستووەتە کار و چالاکتری کردووەتەوە. دەزگای قەزایی تاوانکاری ڕژێم، بە مەبەستی پەرەپێدانی کەشی ئەمنی و تۆقاندن و ترساندن، ڕۆژانە کەسانێک، بەتایبەت لە نێو زیندانیانی سیاسی، لەسێدارە دەدات و حوکمی سێدارە بۆ ژمارەیەکی تریش دەردەکات. کۆماری ئیسلامی بە قۆستنەوەی بارودۆخی شەڕ کە تێیدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پەراوێز خراون، دەیەوێت باج و تێچووی ئەم شەڕەش بەسەر ژیان و بژێوی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشدا بسەپێنێت

لە دۆخێکی ئاوادا کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین قۆناغی تەمەنیدایە، بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تریش، هیچ ڕێگایەک جگە لە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە، هاتنە مەیدانی دووبارە و خەبات لەپێناو بەدیهێنانی خواست و مافەکانیاندا بوونی نییە. هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندن بۆ دەربازبوون لە وەها بارودۆخێک. بەڵام پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکە کە ڕیشەکێشکردنی، نەک بە نارەزایەتی و ڕاپەڕینی خۆڕسکی سەر شەقامەکان کە بێڕێکخراو و بێڕێبەرین، بەڵکوو تەنیا بە پەرەسەندنی مانگرتن و نارەزایەتییە ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر، و هەروەها تێکۆشانی سۆسیالیستەکان و ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوانە بۆ پێکهێنانی ڕێبەرایەتییەکی سەرتاسەری و دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانە، مسۆگەر دەبێت

❊❊❊

# بێکارکردن لە ژێر سێبەری شەڕدا، لە سەروبەندی یەکی ئایاردا

لە ڕۆژانی پیش یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانی کرێکاراندا، جارێکی تر ڕوخساری ئاشکرا و بێپەردەی پێوەندییە سەرمایەداری-ئیسلامییەکان لە فۆرمی شەپۆلگەلێکی نوێی بێکارکردن و ناسەقامگیریی بژێویدا خۆی دەنوێنێت. دەرکردنی سەدان کرێکار لە کارگەکانی "پینک"ی ڕەشت و "ڕستنی بروجێرد"، هاوکات لەگەڵ بڕینی ئینتەرنێت وەک ژێرخانێکی ئابووری لە جیهانی هاوچەرخدا کە دەیان هەزار هەلی کاری لە ناو بردووە، هەروەها بێکاری بەربڵاو بە هۆی وێرانکردنی ژێرخانە پیشەسازییەکان لە خوزستان و لێکەوتە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی شەڕی کۆنەپەرستانە، تەنیا چەند نموونەیەک لە ڕەوتێکن کە ڕیشەی لە لۆژیکی کەڵەکەکردنی سەرمایە، قەیرانە ناوخۆییەکانی و پێگەی ئابووریی ئێران لە سیستەمی جیهانی سەرمایەداریدا هەیە. دەرکردنی نزیکەی ٥٠٠ کرێکار لە ڕەشت و ٧٠٠ کرێکار لە بروجێرد، هەرچەندە بە بیانووی وەک "داخستنی کاتی" یان "کەمکردنەوەی هێزی کار" پاساو دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکە لە میکانیزمی هەمیشەیی سەرمایە بۆ گواستنەوەی باری قەیرانەکە بۆ سەر شانی چینی کرێکار. سەرمایە، لە ئاست دابەزینی ڕێژەی قازانج، سستبوونی بازاڕ یان تێکچوونی زنجیرەکانی بەرهەمهێناندا، پێش هەر شتێک پەنا بۆ کەمکردنەوەی تێچووی هێزی کار دەبات. ئەوەی کە لە ئەدەبیاتی ئابووری بۆرژوازیدا بە "نەرمینواندن" (انعطافپذیری) ناو دەبرێت، لە کردەوەدا هیچ نییە جگە لە ناسەقامگیرکردنی ژیانی کرێکاران و توندکردنەوەی چەوسانەوە

لە ئاستێکی گشتگیرتردا، بارودۆخی خوزستان پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان شەڕ، وێرانکاری و بەرهەمهێنانەوەی هەژاری بە ڕوونی نیشان دەدات. بۆردومانی ناوەندە پترۆکیمیایی و پیشەسازییەکان، کە بووەتە هۆی بێکاربوونی هەزاران کرێکار، بەشێکە لەو بازنەیەی کە تێیدا سەرمایەداری جیهانی و هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، لە ڕێگەی وێرانکاری و دارشتنەوەی جوگرافیای بەرهەمهێنانەوە، هەلومەرج بۆ کەڵەکەبوونی نوێی سەرمایە خۆش دەکەن. لەم نێوەدا، کرێکاران نەک تەنیا قوربانی ڕاستەوخۆی شەڕن، بەڵکو دەبنە قوربانی پرۆسەی "ئاوەدانکردنەوە"ی دوای شەڕیش؛ ئاوەدانکردنەوەیەک کە زۆرتر هاوڕێیە لەگەڵ تایبەتسازی، گرێبەستە کاتییەکان و دابەزاندنی ستانداردەکانی کار یان جێگیرکردنی هاوردەکردن لە جێگەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی

تەشەنەسەندنی بێکاری لە ئاستی دوو ملیۆن کەسدا بە هۆی بارودۆخی شەڕەوە - وەک ئەوەی جێگری وەزیری کاری ڕێژیم ڕایگەیاندووە - دەرخەری قووڵبوونەوەی ئەو قەیرانە ئابوورییەیە کە ئیتر ناتوانرێت تەنیا بە خراپبەڕێوەبردن یان گەندەڵی پێناسە بکرێت. ئەوەی لە گۆڕەپانەکەدایە،

دەرکەوتەی ئابوورییەکی قەیرانلێدراوە کە لە ژێر گوشاری گەمارۆکان، شەڕ و ململانێ ژیۆپۆلۆتیکییەکاندا، توانای بەرهەمهێنانەوەی سەقامگیریی خۆی لەدەست داوە. لە وەها بارودۆخێکدا، سەرمایە نەک لە ڕێگەی فراوانکردنی بەرهەمهێنانەوە، بەڵکو لە ڕێگەی قووڵکردنەوەی چەوسانەوە، کەمکردنەوەی حەقدەستی ڕاستەقینە و دەرکردنی هێزی کاری "زێدە" (مازاد)، درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات. ئەم هەلومەرجە، ڕوخساری دوولایەنەی سەرمایەداریی ئیسلامی زەقتر دەکاتەوە: لە لایەکەوە سەرمایەداری نیمچە-دەوڵەتیی



پشتبەستوو بە ڕانت، قۆرخکاری و سەرکوتگەری؛ لە لایەکی تریشەوە، سەرمایەداری تایبەت کە لە چوارچێوەی هەمان لۆژیک، بەڵام بە ئامرازی جیاواز، دەست بە چەوساندنەوەی هێزی کار دەکات. خاڵی هاوبەشی هەردووکیان، قووڵکردنەوەی چەوسانەوە، زەوتکردنی ئاسایشی کار و سەرکوتکردنی هەر جۆرە بەرەنگاربوونەوەیەکی ڕێکخراوی کرێکارانە. لەم نێوەدا، ڕۆڵی دەوڵەت وەک سەرمایەدارێکی گەورە پتر لە پێشوو دەردەکەوێت. دەوڵەت، بە سیاسەتگەلێکی وەک ئازادکردنی نرخەکان، گۆڕینی هەمان یاساکانی کاری دژە-کرێکار بە قازانجی خاوەنکار و سەرمایەداران و ئاسانکاری بۆ تایبەتسازی، لە کردەوەدا زەمینە بۆ توندکردنەوەی ئەم ڕەوتە خۆش دەکات. تەنانەت لەوێشدا کە باس لە "پشتیوانی لە بەرهەمهێنان" دەکرێت، ئەم پشتیوانییە لە بنەڕەتدا بە مانای دەستەبەرکردنی قازانجی سەرمایەدارانە، نەک پاراستنی هەلی کار یان باشترکردنی ژیان و کاری کرێکاران

لەگەڵ نزیکبوونەوە لە یەکی ئایار، پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە چینی کرێکار چۆن دەتوانێت لە بەرامبەر ئەم هێرشەی دەوڵەت و سەرمایەداران بۆ سەر کار و ژیانی کرێکاران خۆڕاگری بکات. ئەزموون نیشانی داوە کە کاردانەوە پەرتەوازەکان و تەنیا بەرگریکارانە، هەرچەند پێویستیش بن، بەڵام بەس نین. ئەوەی زەروورەتە، تێپەڕینە لە ناڕەزایەتی و مانگرتنە پەرتەوازەکان بەرەو مانگرتنە ڕێکخراوە سەرتاسەرییەکان کە بتوانن هاوسەنگی هێزی ئێستا بە شێوەیەکی واقیعی بگۆڕن. لەم چوارچێوەیەدا، پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتی و سەربەخۆکانی کرێکاران (سەربەخۆ لە دەوڵەت)، وەک ئامرازەکانی خۆڕێکخستنی چینەکە، گرینگییەکی تایبەتیان هەیە. ئەم ڕێکخراوانە دەتوانن سەرباری بەدواداچوون بۆ داواکارییە هەنووکەییەکان – وەک حەقدەست، ئاسایشی کار و بیمەی بێکاری – ئاسۆیەکی سیاسی فراوانتریش بخەنە ڕوو؛ ئاسۆیەک کە تێیدا، کۆنترۆڵی کرێکاران بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و دابەشکردندا، وەک ئەلتەرناتیڤێک لە بەرامبەر پێوەندییە سەرمایەدارییەکاندا دادەنرێت. لە بارودۆخی ئێستادا کە نەبوونی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییە سەرتاسەرییەکانی کرێکاران وەک لەمپەرێکی جیددی لەبەردەم سەرتاسەریبوونەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان لە کۆمەڵگە پیشەسازی و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری دێتە هەژمار، پێکهێنانی دامەزراوەیەک کە پێکهاتبێت لە ڕێکخراوە و ناوەندە سەربەخۆکانی کرێکاران و ڕێبەران و هەڵسوڕاوانێک کە لە چەقی گەرمی خەباتی کرێکاران ئامادەن و پێوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ کرێکاراندا هەیە، دەتوانێت تا ڕادەیەک ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. پێکهێنانی دامەزراوەیەکی لەو شێوەیە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بۆ پێکەوەگرێدان و سەرتاسەریکردنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان بگێڕێت

هەروەها، پێکەوەگرێدانی خەباتی کرێکاری لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوەکانی تری کۆمەڵگە، لە بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران و لاوان، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی 'نا بۆ لەسێدارەدان' و بزووتنەوەی دادخوازییەوە بگرە تا پەیوەندیکردن لەگەڵ دانیشتووانی ناوچە بێبەش و پەراوێزخراوەکان، دەتوانێت ببێتە هۆی پێکهاتنی بەرەیەکی فراوانتر دژ بە سیستەمی زاڵ. قەیرانی ئێستا، قەیرانێکی سەرتاسەرییە کە تەواوی کرێکاران، زەحمەتکێشان و بەشمەینەتانی کۆمەڵگەی خستووەتە ژێر گوشارەوە؛ لەبەر ئەمەش، وەڵامدانەوە بەمە دەبێ سەرتاسەری، هاوئاهەنگ و پشتبەستوو بە هاوپشتی و یەکێتیی چینایەتی بێت

لە کۆتاییدا، ئەوەی ئەمڕۆ وەک "قەیران" ئەزموون دەکرێت، بۆ سەرمایەداری، بەشێکە لە کارکردە ئاساییەکەی خۆی. شەڕ، بێکارکردن، وێرانکاری، هەژاری و سەرکوتگەری، پێکهاتە دەروونییەکانی ئەم سیستەمەن. هەر بۆیە، هەر هەوڵێک بۆ باشتربوونی سەقامگیریی ژیان و کاری کرێکاران، ناچارە ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە بنەڕەتییە ببێتەوە: ئایا دەتوانرێت لە چوارچێوەی هەمان سیستەمدا بگەین بە ڕزگاری کۆمەڵایەتی، یان ڕزگاری ڕاستەقینە پێویستی بە تێپەڕین و دەربازبوون لەو سیستەمەیە؟

یەکی ئایار، لە هەلومەرجێکی وەهادا، نەک تەنیا ڕۆژێکە بۆ ڕێزلێنان لە هاوپشتی جیهانی کرێکاران، بەڵکو هاوکات ساتێکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ئاسۆی ڕزگاری سۆسیالیستیدا. چینی کرێکار، سەرەڕای تەواوی گوشار و پەرتەوازەییەکان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێگەیەی کە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا هەیەتی، هێشتا هێزێکە کە دەتوانێت بە خۆڕێکخستن، هۆشیاری و یەکێتی چینایەتی، ڕێڕەوی مێژوو بگۆڕێت. بەڵام ئەم ئیمکانە تەنیا کاتێک دەبێتە واقیع کە خەبات لە ئاستی کاردانەوەوە بەرز ببێتەوە بۆ ئاستی کردەوەیەکی هۆشیارانە و ڕێکخراو

***

## با بۆ بایکۆتی لێبڕاوانەی کۆبوونەوە فەرمایشی و دژەکرێکارییەکانی ڕژێمی ئیسلامی لە یەکی ئایاردا ئامادە بین

لەو ڕۆژەوەی کە یەکی ئایار، وەک ڕۆژی کرێکار، بەسەر ڕژێمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی و یاسا سەدەی ناوەڕاستییەکانیدا سەپێندرا و ئەم ڕژێمە ناچار بوو زەبوونانە دان بە شکۆی یەکی ئایاردا بنێت، سەرانی ڕژێم هەموو ساڵێک هەوڵیان داوە ئەم بۆنە مێژوویی و جیهانییە لە نێوەرۆکە چینایەتییەکەی بەتاڵ بکەنەوە. ڕژێمی ئیسلامی هەموو ساڵێک تێدەکۆشێت لە ڕێگەی کۆبوونەوە فەرمایشییەکانەوە، ڕۆژی جیهانیی کرێکار بکاتە شانۆی چەواشەکاری، تۆقاندن و سووکایەتیکردن بە جەماوەری کرێکاران. ڕژێم بە شێوەیەکی فێڵبازانە، لەبری "ڕۆژی کرێکار"، "حەوتەی کرێکار"ی پێناسە کردووە. بەپێی ئەم فێڵبازییە، حەوتەی کرێکار هەموو ساڵێک حەوتەیەک بەر لە ڕۆژی یەکی ئایار (ڕۆژی جیهانیی کرێکار) دەست پێدەکات. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی حکوومەتی "پانا" و بەپێی ئەو سیناریۆیەی کە لەلایەن وەزارەتی کاری ڕژێمەوە داڕێژراوە: «حەوتەی کرێکاری ئەمساڵ لە ڕۆژی شەممە ٥ی گوڵانی ١٤٠٥ بە نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ئامانجەکانی خومەینی و ئامادەبوون لەسەر گۆڕەکەی دەست پێدەکات و ڕۆژی یەکشەممەش بە ناوی "بەرگریی نیشتمانی لە بەرامبەر شەڕی ئابووری" ناونراوە و، بەو پێیەی هەندێک لە کارگە و کاسبییەکان بەهۆی شەڕەوە زیانیان بەرکەوتووە، دانیشتنگەلێک لە سەرانسەری وڵات بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کارگەکان و خاوەنکاران و هەروەها لە ئاستی پارێزگارەکاندا بە جەختکردنەوە لەسەر پشتیوانی لەو کاسبییانەی زیانیان بەرکەوتووە، بەڕێوە دەچێت». و سەرەنجام لە ڕۆژی ١١ی گوڵاندا، ڕێوڕەسم و ڕێپێوانە فەرمایشی و زەردە دەوڵەتییەکان لەژێر ناوی «تەوەرەی گەشەی بەردەوام»دا بەڕێوە دەبەن

بەپێی ئەم سیناریۆ قێزەونە، سەران و کارگێڕانی ڕژێم بە درێژایی هەر شەش ڕۆژەکە، لە ڕێگەی ڕێکخراوە و ناوەندە زەردە دەوڵەتییەکانەوە زەمینەسازی دەکەن بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ڕێوڕەسمەی کە دڵخوازی ڕژێم و خاوەنکارانە، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی حەوتەمدا هیچ شوێنەوارێک لە خەباتگێڕی و نێوەرۆکی چینایەتی ڕێوڕەسمەکە نەمێنێتەوە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە لە ئاکامی خەباتی کرێکاران و پێداگریی هەڵسوڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ بەزیندوویی ڕاگرتنی نەریتی یەکی ئایار، پاشەکشەی کردووە و ئەم ڕۆژە مێژووییەی بە فەرمی ناسیوە، لە هەمان کاتیشدا تێدەکۆشێت ئەم پاشەکشەیە بۆ شێواندنی لایەنە چینایەتییەکەی یەکی ئایار بقۆزێتەوە. ڕژێم بە شێواندنی ماهییەتی چینایەتی ڕۆژی جیهانیی کرێکار و گۆڕینی لە ڕۆژی ناڕەزایەتی و هاوپشتیی نێونەتەوەیی کرێکاران دژی جیهانی سەرمایەدارییەوە بۆ "حەوتەی کرێکار" و شانۆی دزێوی نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی،

سووکایەتی بە کرێکاران دەکات. هەر بۆیە دەبێت کرێکاران بۆ بایکۆتکردنی یەکلاکەرەوەی ئەم کۆبوونەوە دژەکرێکارییانە ئامادە بن

بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و کۆبوونەوەی کرێکاری سەربەخۆ لە دەوڵەت لە ڕۆژی یەکی ئایاردا، و بایکۆت و تەحریمکردنی لێبڕاوانەی کۆبوونەوە زەرد و فەرمایشییەکان، یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی بانگەوازی ئێمەیە بۆ بەزیندوویی ڕاگرتن و بەرزڕاگرتنی ئەم نەریتە چینایەتی و نێونەتەوەییەی کرێکاران. ئەوەی کە ئەم بانگەوازە لەلایەن بڕیاردەرانییەوە لە چ فۆرم و شێوازێکی دیاریکراودا ڕێک دەخرێت و جێبەجێ دەکرێت، بابەتێکە کە تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە هەلومەرجی بەرجەستەی هەر ناوچە، شار، کارگە و ئاستی ئامادەیی ڕێکخراوەیی و پەیوەندییە خەباتکارانەکانی نێوان پێشڕەوان و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکارییەوە

بزووتنەوەی کرێکاری ئێران، بە پشتبەستن بە ئەزموون و نەریتی ساڵانی ڕابردوو، لە یەکی ئایاردا لە بڕیارنامەکانی خۆیدا جەخت لەسەر ئەو داخوازییانە دەکاتەوە کە نەک تەنیا ویستە تەوەرییەکانی چینی کرێکاری ئێران لەخۆ دەگرێت، بەڵکوو هەنووکەییترین داخوازییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگەش دەگرێتەوە. لە کاتێکدا کە مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕێکی کۆنەپەرستانە و وێرانکەر باڵی بەسەر ئێران و تەواوی ناوچەکەدا کێشاوە، کرێکاران خوازیاری کۆتاییهێنانی یەکجاری شەڕن. کرێکارانی ئێران لەم ڕۆژەدا جەخت دەکەنە سەر: بەرزکردنەوەی حەقدەستەکان بە جۆرێک کە زامنی ژیانێکی شیاو بۆ مرۆڤ بێت، دابینکردنی بیمەی بێکاری گونجاو بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی ئامادەی کارن، هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵان، ئازادیی ڕادەربڕین، ڕێکخراوبوون، حیزبایەتی، مانگرتن، ئازادیی قەڵەم، ئازادکردنی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و کۆتاییهێنان بە سزای لەسێدارەدان، کۆتاییهێنان بە هەڵاواردنی ڕەگەزی دژی ژنان و دەستەبەرکردنی یەکسانیی ژن و پیاو لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، وە هەروەها کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی. کرێکاران لەم ڕۆژەدا بە پێداگری لەسەر ئەم داخوازییانە، ئیرادەی پۆڵاینی خۆیان لە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییە دیموکراتیکەکان لە کۆمەڵگەدا ڕادەگەیەنن. جەختکردنەوە لەسەر ئازادی ڕادەربڕین و حیزبایەتی و ئازادی پێکهێنانی ڕێکخراوەی کرێکاری و داواکاری ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی، بەشێکن لە خواستی ئازادیی بێمەرجی سیاسی. هێنانەگۆڕی ئەم داخوازییانە بەو واتایەیە کە هەڵسوڕاوان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری هۆشیارن بە پێگە و ڕۆڵی مێژوویی چینی کرێکار لە بەدیهێنانی ئەم داخوازییانەدا. چینی کرێکار ئەم پوتانسیێل و توانایەی هەیە کە بە پشتبەستن بە هێزی خۆی و لە پێشەنگی ڕیزەکانی جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەش و چەوساوەدا، کۆمەڵگە بەرەو وەرچەرخانێکی شۆڕشگێڕانە ئاراستە بکات

پێداگری لەسەر دروشمی "زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت"، بەو واتایەیە کە نابێت هیچ کەسێک لەسەر چالاکی سیاسی، بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییەوە و لەسەر دەربڕینی نەیاربوون و خەبات دژی دەسەڵاتی بۆرژوازیی زاڵ بخرێتە بەندیخانەوە. بەو واتایەیە کە کرێکاران لە پێشەنگی خەڵکی ئازادیخوازدا، هێزە مەزنە چینایەتییەکەیان بۆ دەستەبەرکردن و گەرەنتیکردنی ئازادی چالاکی سیاسی و یەکخستنی ڕیزەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە دێننە مەیدان. خواستی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بەو واتایەیە کە لەسێدارەدان کوشتنی بەئەنقەستی دەوڵەتییە و، لە بەرامبەر شەپۆلی لەسێدارەدانەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ تۆقاندنی کۆمەڵگەدا، دەبێت لێبڕاوانە بەرگری لە مافی ژیانی مرۆڤ بکرێت

داخوازیی دابینکردنی بیمەی بێکاریی گونجاو لەگەڵ ژیانێکی ئینسانی، ئازادیی ڕادەربڕین و ڕێکخراوبوون و پێداگری لەسەر مافە مرۆییەکانی هەموو تاکەکان بۆ بەهرەمەندبوون لە ژیانێکی ئازاد و شایستە بە مرۆڤ، خۆی سەلمێنەری ناڕەزایەتی و بزووتنەوەی چینی کرێکارە دژی فەلاکەت و نەهامەتیی ئابووری و ئەو دۆزەخەی کە ڕژیمی ئیسلامی خولقاندوویەتی. چینی کرێکار لە یەکی ئایاردا بە شەکاندنەوەی ئاڵای ئەم داخوازییانە، ئیرادەی خۆی بۆ کۆتاییهێنان بەم فەلاکەتە ئابوورییە و بێمافییە سیاسییانە ڕادەگەیەنێت

❋❋❋




## قەیرانی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕینی عێراق بۆ گۆڕەپانی ململانێ و شەڕ لەگەڵ ئەمریکا

کۆتاییهاتنی ئاگربەستی دوو هەفتەیی شەڕی نێوان دەوڵەتانی ئیمپریالیستی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، شکستخواردنی خولی یەکەمی دانوستانەکان لە ئیسلام ئابادی پاکستان لە ٢٣ی خاکەلێوەی ١٤٠٥، و ناڕوونی لە دەستپێکردنی خولی دووەمی دانوستانەکان کە بڕیار بوو ڕۆژی چوارشەممە ٢ی گوڵان بەڕێوە بچێت؛ هاوکات لەگەڵ درێژەکێشانی گەمارۆی دەریایی و داخرانی گەرووی هورمز، وێڕای ئەوەی دۆخێکی "نە شەڕ و نە ئاشتی"ی بەسەر ناوچەکەدا سەپاندووە، ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕیشی هێناوەتە ئاراوە. لەم نێوەندەدا، کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە لە ڕێگەی میلیشیا ئیسلامییە کۆنەپەرستە دەستوپێوەندەکانی خۆیەوە لە عێراق، پانتایی شەڕەکە فراوانتر بکات

بەم مەبەستە، هەفتەی ڕابردوو ئیسماعیل قائانی، فەرماندەی سوپای تیرۆریستی قودس، پاش ماوەیەکی زۆر و بۆ یەکەمین جار لە سەفەرێکدا بۆ بەغدا، لەگەڵ ڕەوتە کۆنەپەرستە شیعەکانی نێو "چوارچێوەی هەماهەنگی" کۆبووەوە و وتووێژی کرد. هەرچەندە ناوبراو لە ڕواڵەتدا ئامانجی ئەم سەفەرە نهێنییەی بۆ سوپاس و پێزانین لە هاوهەڵوێستیی بەرپرسان و کاربەدەستانی عێراق لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گەڕاندەوە، بەڵام لە ڕاستیدا یەکێک لە ئامانجەکانی، هەوڵدان بوو بۆ کۆتاییهێنان بە گرژی و ململانێی نێوان ئەو باڵانە لەسەر دیاریکردنی نووری مالیکی وەکوو مۆرەی جێی متمانەی کۆماری ئیسلامی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق. هەڵبەت قائانی لەم بوارەشدا هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا و ناکۆکیی نێوان باڵەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" لەسەر دیاریکردنی کاندیدێکی هاوبەش هەروا ماوەتەوە؛ تەنانەت تا ئێستاش کە وادەی یاسایی بۆ ناساندنی کاندیدی پۆستی سەرۆکوەزیران بە پەرلەمان بەسەرچووە، هێشتا نەیانتوانیوە لەسەر کاندیدێکی هاوبەش بگەنە ڕێککەوتن. ناکۆکیی نێوان ئەم گرووپانە لەم بارەیەوە و لەسەر بەرژەوەندییە تاڵانکارییەکانیان هەروا درێژەی هەیە و چەقبەستوویی و قەیرانی سیاسی لە عێراقیشدا بەردەوامە

هەڵبەت پێشتر ترەمپ ڕایگەیاندبوو: "ئەمریکا پێکهێنانی هیچ دەوڵەتێک لە عێراق پەسەند ناکات کە توانای پێشگرتنی بە هێرشی گرووپە چەکدارەکانی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەی کەنداو نەبێت. ئەمریکا هۆشداریی داوە کە ئەگەر نووری مالیکی وەک سەرۆکوەزیران هەڵبژێردرێت، سەرجەم بەرنامە و هاوکارییە سەربازی و ئەمنییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق دەپچڕێنێت." ئەم هۆشدارییە پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتی لە عێراق ئاڵۆزتر و سەختتر کردووەتەوە. لەم ڕاستایەدا، ڕۆژی چوارشەممە ٢ی خاکەلێوە، وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە تا ڕوونبوونەوەی ئەم بابەتە، پرۆسەی ناردنی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار لە داهاتی فرۆشی نەوتی عێراق بۆ بەغدا ڕادەگرێت. هەنگاوێکی لەم چەشنە، بێگومان بارودۆخی ئابووری عێراق کە بەهۆی قەیرانەکانی سیستەمی سەرمایەدارییەوە داڕماوە، پشێوتر دەکات. لە وەها دۆخێکیشدا، گوشاری دەوڵەت بۆ سەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبیی سەر بە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ڕێگریکردن لە مووشەکبارانەکان زیاتر دەبێت

جێی ئاماژەیە کە پێشتر نووری مالیکی دوو جاری دیکەش بە دەستێوەردان و نفوزی کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای ئەوەی دەنگی لە ڕکابەرەکانی کەمتر بوو، پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراقی داگیر کردبوو. بێگومان کارنامەی ئەو لە هەردوو خولەکەدا، بووە هۆی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری، نائەمنی،

گەندەڵی و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی خەڵک لە عێراقدا. لەولاشەوە کۆماری ئیسلامی بێ هیچ ڕێگرییەک لە عێراقدا ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی بەرەوپێش دەبرد و بەشێک لە قەیرانە ئابوورییەکانی خۆی بە دۆلاری دزراوی عێراق پەردەپۆش دەکرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڕۆژی دووشەممە ٣١ی خاکەلێوە، قائانی لە بەیاننامەیەکدا لە عێراق، دیاریکردنی دەوڵەتی بە مافی خەڵکی عێراق ناوبرد و گوتی: "ئەنجامدەرانی تاوانە دژەمرۆییەکان مافی دەستێوەردانیان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا نییە"

ڕەهەندێکی دیکەی مەئمووریەتەکەی قائانی لەم سەفەرەدا، هەوڵدان بوو بۆ هاندانی ئەو بەشە لە میلیشیا چەکدارەکانی حەشدی شەعبی بۆ چوونە نێو شەڕ لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی و دژی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل، لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕدا. بەڵام زۆرینەی حیزب و لایەنە شیعەکانی عێراق، بێجگە لەو گرووپانەی حەشدی شەعبی کە پاشکۆ و بەکرێگیراوی ملکەچی کۆماری ئیسلامین، لەگەڵ ئەو هەنگاوەدا نەیارن و شەڕ بە زیانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانن. دژایەتی توندی ئەوان لەگەڵ ئەم سیاسەتە سەرکێشانەیە لە نێو "چوارچێوەی هەماهەنگی"دا، نووری مالیکی ناچار کرد کاندیدبوونی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران بکێشێتەوە

سەرەڕای ئەمانەش، تا ئێستا بەشێک لە گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی نێو حەشدی شەعبی لە عێراق کە خۆیان بە فەرمانبەری دەربەستی کۆماری ئیسلامی دەزانن، بە هێرشی درۆن و پەلاماری مووشەکی بۆ سەر وڵاتانی دەوروبەری ئێران، بەتایبەت وڵاتانی کەنداو و هەرێمی کوردستان، هەوڵیان داوە پانتایی شەڕەکە فراوانتر بکەن. ئەوان بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە پاراستنی دۆخی هەنووکەیی و لە ئاگرخۆشکەری شەڕ لە ناوچەکەدا دەبیننەوە. ئەم گرووپە جەردە و بەکرێگیراوانە بە کردەوەکانیان، قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان لە ناوچەکەدا قووڵتر کردووەتەوە، کە دەرئەنجامەکەی جگە لە پەرەسەندنی کوشتار و وێرانکاری، بێکاری و گرانی، و هەژاری و برسیەتی بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، هیچ شتێکی دیکە نەبووە

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی وۆڵستریت جۆرناڵ لە زاری کاربەدەستێکی عێراقییەوە، هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر وڵاتانی کەنداو، وای کردووە کە ئەم دەوڵەتانە لە هەوڵی وەڵامدانەوەی سەربازیدا بن بۆ سەر ئەو گرووپانە لە ناوخۆی عێراقدا. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، لە ماوەی پێنج هەفتەی ڕابردوودا زیاتر لە هەزار هێرش کراوەتە سەر پاڵاوگە و ناوەندە نەوتییەکان و فڕۆکەخانە مەدەنییەکانی ئەم وڵاتانە، کە نیوەی ئەو هێرشانە لە ناوخۆی عێراقەوە ئاراستە کراون. هەر لەم پەیوەندییەدا، ڕەوتی کۆنەپەرست و توندڕەوی "عەسائیب ئەهلی حەق" بە سەرکردایەتی قەیس خەزعەلی، کە پاشکۆ و ملکەچی کۆماری ئیسلامییە، هەڕەشە ئابوورییەکانی ئەمریکای وەکوو کارتی گوشار بۆ تەسلیمبوون ناوبردووە و خوازیاری کاردانەوەی توند و بێباکانەی ئەم گرووپانە دژی ئەمریکا بووە

بەم شێوەیە، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەیەوێت گرووپە بەکرێگیراو و نیابەتییەکانی خۆی لە عێراق بۆ شەڕی پێشبینیکراوی داهاتوو ئامادە بکات و عێراقیش بکاتە گۆڕەپانی شەڕە نیابەتییەکانی خۆی. ئەم هێزە کۆنەپەرستانە، ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە مەترسی لەناوچوونی یەکجاری خۆیان دەزانن. هەڵوێستێکی لەم چەشنە دەرخەری ئەو حەقیقەتەیە کە هێزە نیابەتییەکان و دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت لە عێراق، تەنیا ئامرازێکن بە دەست ڕژێمی سەرکوتگەری ئیسلامییەوە بۆ شەڕانگێزی و پێشبردنی ئامانجە دژەخەڵکییەکانی لە ناوچەکەدا

شورای هاوکاری
هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

بۆ: کۆمیسارایای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR)

بابەت: داواکاری بەپەلە بۆ ئاوڕدانەوە و هەنگاوی کرداری لە دۆخی پەنابەران لە هەرێمی کوردستانی عێراق

سڵاو و ڕێز،

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان، نیگەرانی قووڵی خۆی سەبارەت بە دۆخی ئێستای پەنابەران لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەردەبڕێت و ئەم نامەیەتان ئاراستە دەکات بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و گرتنەبەری هەنگاوی بەپەلە لەلایەن دامەزراوەکانتانەوە

لە ساڵانی ڕابردوودا، هەزاران کەس لە چالاکانی سیاسی، نەیارانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەو هاووڵاتیانەی بە هۆکاری جۆراوجۆر لە سەرکوت، هەڕەشە و نائەمنی هەڵاتوون، لە هەرێمی کوردستانی عێراق نیشتەجێ بوون. بەشێکی بەرچاو لەم کەسانە لە بارودۆخێکی زۆر سەخت و ناجێگیردا دەژین؛ بارودۆخێک کە دوورە لە ستانداردە سەرەتاییە مرۆییەکان و مافەکانی پەنابەران، هەر ئەمەش تا ئێستا بووەتە هۆی گیانلەدەستدانی ژمارەیەک مرۆڤ کە تەنیا "تاوان"یان نەیارەتی بووە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی

بە لەبەرچاوگرتنی بەرپرسیارێتییە نێودەوڵەتییەکانی ئەم دامەزراوەیە و بە پشت بەستن بە بنەما و بەڵگەنامە بنەڕەتییەکانی مافی مرۆڤ، لەوانە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ (بەتایبەت ماددەکانی ٣، ٥ و ١٤) و کۆنفرانسی ساڵی ١٩٥١ی پەیوەندیدار بە دۆخی پەنابەران و پرۆتۆکۆڵی ١٩٦٧، داواتان لێ دەکەین کە:

١. لە ڕێگەی میکانیزمە نێودەوڵەتییەکانەوە، گوشارێکی بەپەلە و کاریگەر بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران، بەمەبەستی ڕاگرتنی هێرشە موشەکی و درۆنییەکان بۆ سەر کەمپەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەران لە هەرێمی کوردستانی عێراق، و دەستەبەرکردنی ئاسایشی گیانییان لە چوارچێوەی مافی ژیان و ئاسایشی تاکەکەسیدا (ماددەی ٣ی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ)

٢. بەپەلە بەدواداچوون بۆ دۆخی ئەمنیی پەنابەران بکەن و ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنی گیانیان لە بەرامبەر هەڕەشە و هێرشە ئەگەرییەکان بگرنە بەر، لە ڕاستای پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی کەسانی سڤیل

٣. خێراکردنی پرۆسەی پێداچوونەوە بە دۆسیەکانی پەنابەری و هاوکات ئاسانکاری و خێراکردنی نیشتەجێکردنەوەی (Resettlement) ئەو پەنابەرانەی لەژێر مەترسییەکی جیدیدان، بە شێوەیەک کە ڕێگری لە بێسەرەوبەرەیی درێژخایەن و زیانە دەروونییەکانی ناشی لەو دۆخە بکرێت

٤. باشترکردنی بارودۆخی ژیان لە کەمپ و شوێنەکانی نیشتەجێبوون و دەستەبەرکردنی مافە مرۆییەکان و کەرامەتی پەنابەران، لەوانە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، پەروەردەیی و پێداویستییە سەرەتاییەکانی بژێوی، لە چوارچێوەی بنەماکانی کەرامەتی مرۆیی و قەدەغەکردنی ڕەفتاری نامرۆیی (ماددەی ٥ی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ)

٥. چاودێریی کاریگەر بەسەر دۆخی کەمپەکان و ئەو پەنابەرانەی لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین، و هاوکاریی چالاکانە لەگەڵ لایەنە ناوخۆییەکان بۆ ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی مافەکانیان، لە پێناو دەستەبەرکردنی جێبەجێکردنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافی پەنابەران

ئێمە جەخت دەکەینەوە کە بەشێکی زۆری ئەم پەنابەرانە تەنیا بەهۆی بیروباوەڕی سیاسی یان بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە ناچار بوون وڵاتەکەیان بەجێبهێڵن. بەپێی ماددەی ١٤ی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە بەرامبەر چەوسانەوە و ڕاوەدوونان، پەنا بۆ وڵاتانی دیکە ببات و سوود لەو پەنابەرییە وەربگرێت

بەردەوامیی دۆخی ئێستا، ئەم کەسانەی خستووەتە بەر مەترسییەکی جیدیی گیانی و مرۆیی و پێویستی بە هەنگاوی بەپەلە و یەکلاکەرەوە هەیە. چاوەڕوان دەکرێت کۆمیسارایای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاری و پێویستیی ئەم دۆخە، هەنگاوی کردەیی، کاریگەر و خێرا بۆ پاراستنی ئەم کەسانە بگرێتە بەر

لەگەڵ ڕێزدا،

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان

بۆ زانیاری: زیاتر لە ٥٠٠ چالاکی سیاسی لە دەرەوەی وڵات، کەمپەینی "ڕزگارکردنی گیانی پەنابەران"یان واژۆ کردووە

## شێعر

### " بۆ پێشەوە "

بۆ پێشەوە
بۆ خیابان
وا ڕۆژی ئەوەڵی مەیە
بەرەو مەیدانی پڕ خرۆش
با بلەرزێ سەرتاپای شار
با ڕابچڵەکێ دڵی شار
وەرن
پۆل پۆل ئاڵا بە دەست
بە هەنگاوی پتەو وەرن
بومەلەرزە ئاسا وەرن
لە کارگاکان وەدەرکەون
داس و چەکوش بە دەست وەرن.
هۆ ئاڵای سوور
با بدرەوشێ سووریی گەشت.
هاورێیان
ئەمرۆ ئەمانە بە کارما ن دێن
سرووددێک لە گەڵ ئاڵایەک
بۆ پێشەوە
دەنگ هەڵێنە
بە سروودیک دەنگ هەڵێنە
کە لە دەریای دڵی هەموو کرێکاران هەڵقوڵێ
ئاڵای سوورمان
با بە ئازادی و ورشەی بێ
ئاڵا و سروود پێکەوە بێ و
حوکمی سەرمایە بلەرزێ.
ڕێژەی خۆمانە با بڕۆین
با سەرتا پای شار بگەڕێین
ئەم رۆژە ڕۆژی سەنگەرێکە
خۆرەتاویش تۆپزێکە حەوای ئەدەین
مانگیش نارنجۆکی دەستی!
هاو زنجیران!
جارێکی تریش وەک سێلاو
بڕژێنە دەر
بخرۆشێن وێنەی برووسکە
ناخی ئاسمان بلەرزێنن!
شەقامەکان پڕن لە میلیونها کەسی هاوزنجیر.
هاورێیان!
بۆ پێشەوە بەرەو مەیدان!
" ئالفرێند هایس ۱۹۳۳
ڕێبوار کردویە بە کوردی "

❋❋❋




کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱۶:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی

**پێشـــــرەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
۰۰۹٦٤۷۷۱۰۲۸٦۱۹۳
۰۰٤۳٦٦۰۱۱۹٥۹۰۷
۰۰٤٦۷۲۹۰۳۰٦۹٦
۰۰٤٥٦۰۹۱۱۷۸۲
۰۰٤٦۷۳۷۱٦۹۷٤٦